# لە قۆناخی بونیادنانەوە و سڕینەوەی ئاسەواری کاولکاریدا

هەرێمی کوردستان یەکەم وڵات نییە کە لەسەر ئاسەواری شەڕ و کاولکاری و ژێرخانێکی رووخاوەوە هەنگاو بۆ بونیادنانەوە و رێکخستنەوەی ژێرخانی وڵاتەکەی بدات.

کاتێك باسی رێکخستنەوەی ژێرخانی وڵات دەکەین، بەشێوەیەکی گشتی وا دێتە بەرچاو کە تەنیا باسی رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری و باشترکردنی بژێوی خەڵك دەکەین.

راستە رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری و باشترکردنی بژێوی ژیانی خەڵك یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکان و دەبێت ئەولەویەتی بەرنامەی حکومەت بێت، بەڵام ئەگەر هەوڵەکان بۆ رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری هاوشان نەبێت لەگەڵ سەرجەم رێکخستنەوەی ژێرخانەکانی دیکە، ئەوا پرۆسەی رێکخستنەوەی ژێر خانی ئابووریش بەو ئاستە سەرکەوتوونابێت کە ئومێدی لێدەکرێت، لەم حاڵەتەدا مەسەلەکە چەند پەیوەندی بە بەرنامە و هەوڵەکانی حکومەتەوە هەیە، هێندەشی زیاتر پەیوەندی بە تێگەیشتن و هاریکاری و هەماهەنگی خەڵکەوە هەیە پێویستە خەڵك لە نزیکەوە ئاگاداری ئیمکانییەتی حکومەت بێت و لەبەر رۆشنایی ئەو ئیمکانیەتە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت هەڵبسەنگێنێت مەبەست لە ئاگاداربوونی خەڵکیش لە ئیمکانییەتی حکومەت، واتە هاندان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بزانن پرۆسەی بوونیادنانەوەی وڵاتێکی ویران چۆن دەست پێدەکات و چۆنیش سەرکەوتوو دەبێت.

## ئیمکانییەتی حکومەت و هۆشیاری هاووڵاتیان

پێکەوە بەستنەوەی ئیمکانییەتی حکومەت لەگەڵ ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان لەم راپۆرتەدا، ئەو ئاراستەیە بەکارهاتووە کە هۆشیاری خەڵك بۆ چۆنییەتی بونیادنانەوەی وڵاتەکەیان لە ئیمکانیەتی ماددی بەردەستی حکومەت گرنگترە، ئەوەی زیاتر ئەم ئاراستەیە روونتر دەکاتەوە ئەوەیە ئەگەر هاووڵاتیان هەموو کات هاندەر و هاریکاری حکومەت نەبن ئەوا ئاراستەی بوونیادنانەوە و رێکخستنەوەی ژێر خانی ئابووری چەند بەهێزیش بێت، ئەوا چەندین دیاردەی سلبی لێ دەردەکەوێت و ئاراستەی پرۆسەکە دەگۆڕێت و لە هەیکەلی حکومەتیشدا چەند دیاردەیەکی سلبی دەردەکەون کە هێندەی دیکە بۆشایی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت زیاتر دەکات لەوانە:

کاتێك حکومەت بەرنامەکانی خۆی بۆ قۆناخەکانی کورت مەودا و مەودا ناوەند و درێژخایەن دادەڕێژرێت، ئەگەر هاووڵاتیان لە ناوەڕۆکی ئەم پلانە تێنەگەن یان بێ ئاگابن، یان گوشاری ئەوە بخەنە سەر حکومەت کە بەرنامەکە بە قۆناخە جیاوازەکانییەوە لە یەك کاتدا جێبەجێ بکرێت، ئەوا تێکەڵی و لێك تێنەگەیشتنێك دروست دەبێت، هەر بۆ نموونە، ئەگەر باسی هەردوو پێداویستی سەرەکی ئاو و کارەبا لە کوردستان بکەین پێویستە هاووڵاتیان لەوە ئاگاداربن کە دابینکردنی ئەم ئەم دوو پێداویستییە گرنگە بۆ سەرجەم هاووڵاتیان کوردستان پێویستی بە بووجەیەکی لە رادەبەر هەیە کە لەوانەیە حکومەت بە چەندین ساڵ تەنیا بووجەکەی بۆ ئامادەنەکرێت، هەروەها چارەسەرکردنی ریشەیی ئەم دوو پێداویستییەش وەك چارەسەرێکی درێژخایەن، پێویستی بە پرۆژەی ستراتیژی هەیە تاوەکو تەواو دەبێت، لەم راستەوە ئەگەر بە زمانی ژمارە ئاماژە بە مەزندەی نزیکەی( تقریبی ) ئەم خاڵە روونبکەینەوە دەبنینین، بەمجۆرەیە:

أ- دەبێت هاووڵاتیانی کوردستان لەوە ئاگاداربن کە لە کوردستاندا بێجگە لە هەرسێ شارە گەورەکە( هەولێر- سلێمانی، دهۆك) لە هیچ شوێنێکی دیکە پرۆژەی گەورە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە هەتا چەند ساڵێك لەمەوبەر بوونی نەبووە ئەو پرۆژانەش کە لە سێ شارە گەورەکەی هەرێمی کوردستانیشدا هەبوون بەرێژەی کەمتر لە(٣٠٪) توانای دابینکردنی ئاوی بۆ هاووڵاتیانی ئەو سێ شارە هەبووە، هەروەها سەرجەم شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان کە زۆربەیان هەر وێرانکرابوون، راستە سەرچاوەی ئاویان هەبووە، بەڵام هیچ پرۆژەیەکی ئاویان نەبووە بۆیە زۆر گرنگە هاووڵاتیان لەوە تێبگەن کە تەنیا چارەسەرکردنی ریشەیی ئەم کێشەیە پێویستی بەم هەنگاوانە هەیە:



# دەبێت هاووڵاتیان هاریکاری حکومەتی خۆیان بن

* دەبێت هاووڵاتیان بزانن بڕی ئەو بوودجەی کە توانای هەیە ئەم کێشەیە لە ماوەی چەند ساڵێکدا چارەسەربکات چەندە؟ بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئەم راپۆرتە کەوتوون بودجەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ریشەیی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە ، بە پرۆژەی دابینکردنی ئاو بۆ گوندەکان و شارو شارۆچکەکان زیاتر لە **٣-٤** ملیار دۆلارە، ئەم بڕە پارەیە کە دەکاتە نزیکەی ٪٥٠ ی بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکردنی لە ماوەی ساڵێك یان دواندا کارێکی ئاسان نییە و دەبێت هاووڵاتیان لەم رووەوە تێگەیشتنی تەواویان هەبێ بۆ ئەوەی زیاتر هاریکاری حکومەت بن.

* هیچ پرۆژەیەکی گەورەی ئاو بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە توانای بەرهەمهێنانی دەگاتە ١٠ هەزار مەتر سێجا ئاو لە کاتژمێرێکدا، بە ساڵێك و دوان تەواو نابن، هەر بۆیە دەبێت ئەو راستییە لای هاووڵاتیان ئاشکرا بێت کە چارەسەکردنی کێشەکە پێویستی بە کاتێکی دیاریکراوە و ، لەوە هۆشیار بێت کە پرۆژەکە هەیە و کاری تێدادەکرێت بەڵام تەواوکردنی کاتی دەوێت.

ئەم ئاماژەکردنە بۆ چۆنییەتی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان بە هەموو شار و شارۆچکەکانییەوە، هەوڵدان نیە بۆ شاردنەوەی کەموکورتییەکان یان بەو مانایە تەفسیر بکرێت کە هاووڵاتیان مافی خۆیان نییە داوای تەواوی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەیان نەکەن، بەڵکو هەوڵدانە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان زیاتر حکومەتی خۆیان نزیك بن و ببن چاودێر بەسەر پرۆژەکانەوە و زیاتر جەخت لەوەبکەنەوە کە پرۆژەکان زووتر تەواوین و ئەگەر کەموکورتییەکان یان دواکەوتنێك لەو پرۆژە گرنگاندا هەیە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەیە، هاووڵاتیان بێدەنگ نەبن و ئەو کەموکورتییانە پڕ بکرێتەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر باسی دابینکردنی خزمەتگوزاری کارەبا بکەین دەبێت هاووڵاتیان لە چەندین راستی گرنگ ئاگاداربن:

* سەرچاوەی دابینکردنی وزەی کارەبا لە کوردستان هەتا چەند مانگێك لەمەو پێش تەنیا هەردوو سەرچاوەی بەنداوی دەربەندیخان و دوکان بووە.

* ئەم دوو سەرچاوەیە ئەگەر رێژەی باران بارین ئەوپەڕی بێت، بۆ ئەمڕۆی کوردستان توانای دابینکردنی تەنیا ٪٣٥-٪٢٥ی کارەبای هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی هەیە، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٨ پێداویستی کارەبای تەنیا هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی چوار بەرابەر زیادی کردووە واتە ئەگەر لە ساڵی ١٩٩١ پێداویستی هەردوو پارێزگا ٢٠٠-٢٥٠ میگاوات کارەبا بووبێت ئێستا ئەم پێداویستییە گەیشتۆتە زیاتر لە ١٠٠٠ میگاوات.

بێگومان بە درێژایی ساڵانی رابردوو هەوڵدراوە کە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام بەردەوام رێگری سەرەکی لە بەردەم حکومەتی کوردستان ئەوەبوو کە رێگەنەدراوە پرۆژەی ستراتیژی وەك دامەزراندنی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە کوردستاندا دابمەزرێت، هەربۆیە



هەوڵەکان لە چوارچێوەی هەوڵی کورت مەودا وەك دامەزراندنی چەند وێستگەیەکی ٢٩ میگاواتی تێپەڕی نەکردووە، ئێستا دوو پرۆژەی گەورەی ستراتیژی پرۆژەی کارەبای هەولێر و چەمچەماڵ کە بەرهەمهێنانی هەردووکیان دەگاتە نزیکەی ٨٠٠ میگاوات کاری جدی تێدا دەکرێت و بەشێکی لە قۆناغی تەواوبووندایە.

* دەبێت هاووڵاتییان لەوە هۆشیار بن کە ئەم پرۆژەیە کە لەوانەیە لە ئاییندەدا بە ئاستێکی دیاریکراوی توانای خۆیان کارەبا بەرهەمبهێنن، بەشێك لە کێشەی کارەبای هەولێر و سلێمانی چارەسەر دەکات، ئەگەر بە توانای تەواوی خۆشیان بکەونە کار لە ٪١٠٠ کێشەی بێکارەبایی هەولێر و سلێمانی چارەسەر ناکات بۆیە ئەرکی هاووڵاتییانە هەوڵبدەن ئەو بڕە کارەبایەی کە ٪٦٠ تا ٪٧٠ی پێداویستی دابین دەکات، میکانیزمێك بدۆزرێتەوە کە ئەم ڕێژەیە بە یەکسانی بەسەر هاووڵاتییاندا دابەش بکرێت و، وا بکرێت کە لە ٪١٠٠ی پێداویستییە سەرەکییەکانی دابین بکات.

بەبێ ئەم هاریکارییە حکومەت چەند هەوڵبدات پرۆژە گرنگی و ستراتیژی جێبەجێ بکات، بەڵام پێداویستییەکان وەکو پێویست دابین نابن.

* زۆر گرنگە هاووڵاتییان بزانن بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی کارەبا لە سەرانسەری کوردستاندا چەندە، بێگومان ئەگەر بمانەوێت بە تەواوی کێشەی کارەبا لە کوردستان چارەسەر بکەین، ئەوا ئەم بودجەیە زۆر لە بودجەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە زیاترە و بەپێی ئەو ژمارانە دەست ئەم ڕاپۆرتە کەوتوون دەگاتە نزیکەی ٤-٥ ملیار دۆلار، کە ئەمیش دیسان ڕێژەی ٪٥٠ زیاتری بودجەی ساڵێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە لەم ڕاپۆرتە بۆیە ئەم دوو خزمەتگوزارییە پێویستەمان کرد بە نموونە بۆ ئەوەی بەشێك لەو قەوارە گەورەیە بخەینە ڕوو کە بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری کورستان پێویستمانە و، ئەگەر تەنیا بە زمانی ژمارە بدرێن، دەبینن ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە تەنیا دابینکردنی ئاوو کارەبا نییە بەڵکو تێکڕای بوارەکانی دیکە وەك:

١- سەر لە نوێ دروستکردنەوەی ڕێگاوبانەکانی کوردستان و دووبارە پێکەوە بەستنەوەی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە یەکترەوە

٢- سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی بواری تەندروستی و دابینکردنی چاودێری تەندروستی بۆ هەر هاووڵاتییەك.

٣- ڕێکخستنەوەی بواری پەروەردە و فێرکردن و پێکەوە گرێدانەوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە یەکتری.

٤- دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ لانی کەم لە قۆناغی یەکەمدا بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی گەلەکەمان، پاشان دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ بۆ سەرجەم هاووڵاتییان.

٥- پەرەپێدانی توانای مرۆیی و بەگەڕخستنی توانای کارمەندانی خۆماڵی بۆ بەگەڕخستنیان لە پرۆژەکاندا ئەمانە و چەندین لایەنی دیکە، کە ئەگەر هاووڵاتی هۆشیار بێت، دەبینێت ڕێکخستنەوەی هەر یەکێك لەم بوارانە بەو ئاستەی کە شایستەی هاووڵاتییان کوردستان بێت، پێویستی بە لانی کەمی ٪٦٠-٪٤٠ی بودجەی ساڵێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.

## میکانیزمی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هەوڵدان بۆ شەفافییەت لەکاری حکومەتدا

دوو هۆکاری گرنگ، فاکتەری سەرکەوتنی هەر حکومەتێکە، بە تایبەتی ئەو حکومەتانەی کە وەك حکومەتی ئێمە لە دەسپێکی قۆناغی بونیادنانەوەدان

یەکەمیان: پێویستە حکومەت شەفاف بێت مەبەست لە شەفافییەتی حکومەت ئەوەیە، ڕاشکاوانە بە هاووڵاتییان خۆی بڵێت هەموو ئەو پێداویستییانەی ئێوە داوای دەکەن، لەمەش زیاتر شایستەی ئێوەیە، بەڵام دابینکردنی ئەم پێداویستییانە پێویستی بەم نەخشە و پلانە هەیە و ئەم نەخشە و پلانەش پێویستی بەو ماوە دیاریکراوە هەیە کە چارەسەر بکرێت.



هەروەها پێویستە حکومەت زەمینە بۆ بەشداری زیاتر هاووڵاتییان برەخسێنێت و هانی خەڵك بدات کە خۆیان چاودێر و بەرپرس بن لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاری پرۆژەکان و جێبەجێکردنی لە کاتی خۆیدا. ئەم زەمینە رەخساندنەی حکومەت بۆ هاووڵاتییان، کەلتووری بەرپرسیارییەتی لای هاووڵاتییان دروست دەکات، هاووڵاتییان پرۆژەکان بە موڵکی خۆیان دەزانن و کۆمپانیا و سەرمایەدارەکانیش ناتوانن کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا بکەن.

دووەم: هۆشیاری هاووڵاتییان

گرنگترین خاڵی هۆشیاری لای هاووڵاتییان ئەوەیە، کە حکومەتی بە حکومەتی خۆیان بزانن، دەبێت هەموو کات ئەوە بە بیری خۆیان و بە بیری حکومەتیش بهێننەوە، کە هاووڵاتییان سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵات و حکومڕانین و حکومەت نوێنەرایەتی دەسەڵاتی هاووڵاتییان دەکات، کە هاووڵاتییان بەمجۆرە سەیری حکومەتی خۆیان کرد، بێگومان داواکاری و خواستەکانیشان دەبێتە رەنگدانەوەی ئیرادەی حکومەت و ئەو بەرنامەیەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دایڕشتووە.

هەر بۆ نموونە ئەگەر هاووڵاتییان بەو دیدە سەیری حکومەت بکەن، کە بەرنامە و کارەکانی حکومەت رەنگدانەوەی خواست و پڕکردنەوەی پێداویستی رۆژانەی خەڵکە، ئەوا بەپێی ئەو ئیمکانییەتەی حکومەتەکەیان لەبەردەستییەتی داخوازیان دەبێت و هەر لە چوارچێوەیەشدا گوشار دەخەنە سەر حکومەت، بەڵام کاتێك ئەم هۆشیارییە وەك پێویست نەبێت، دەبینین هاوکێشەی لێکتێنەگەیشتن نێوان حکومەت و هاووڵاتی لاسەنگ دەبێت.

بێگومان لە هەموو وڵاتانی دوای شەڕ و کاولکاری، کە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بە قۆناغی ئینتیقالیدا تێدەپەڕێت، بوارەکان بەو ئاستە سەقامگیر نین بە ئاسانی ئەم تێگەیشتنە لەنێوان هاووڵاتی حکومەتدا دروست بن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك فاکتەری دیکە هەن کە بەردەوام هەوڵدەدەن ئەم لاسەنگییە زیاتر بێت، بە تایبەتیش ئەم هەوڵانە لەلایەن ئەو پارت و گرووپانەوە دەدرێت کە بنکەی جەماوەریان لەناو هاووڵاتییاندا لەوپەڕی نزمیدایە، هەوڵدەدەن تۆڵەی ئاستی نزمی بنکەی جەماوەریان لە حکومەت و هاووڵاتییان بکەنەوە و بارودۆخەکە بەو ئاستە سەقامگیر نەبێت کە پرۆسەکە بە ئاراستەیەکی ئیجابی هەنگاو بۆ پێشەوەی هەڵبگرێت، لەم چوارچێوەیەدا بارودۆخی هەرێمی کوردستان بێجگە لە فاکتەرەکانی ئاستەنگی ناوخۆ، رووبەڕووی فاکتەری ئاستەنگی حکومەتی ناوەند و پەرلەمانی عێراق و هەروەها دەستی دەرەکیش دەمێنێتەوە، هەربۆیە بۆ راگرتنی ئەم پلانە گەلێك جار حکومەت لە هەندێك راستی گرنگ کە پێویستە هاووڵاتییان لێی ئاگادار بن بێدەنگ دەبێت، ئەم بێدەنگ بوونەی حکوومەت لەوانەیە لە گۆشە نیگایەوە و بۆ راگرتنی بالانسی قۆناغی ئینتیقالی پێویست و گرنگ بێت، بەڵام لە چەندین لایەنی دیکەوە فاکتەرێکی سلبییە و بێجگە لەوەی تێگەیشتنی نێوان حکومەت و هاووڵاتی قورس دەکات، لەهەمان کاتدا دەبێتە بۆشاییەکیش بۆ دەرکەوتنی دیاردەی گەندەڵ و رۆتین کە پرۆژە گرنگەکانی حکومەت دووچاری خاوبوونەوە و گەلێك جار شەلەلیش دەکات.

هەربۆیە وەك ئەزموونی وڵاتانی دیکە فێرمان دەکەن راستە قۆناغەکانی ئینتیقالی لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیان کۆمەڵگە کۆمەڵە قۆناغێکی هەستیار و ناسکن، بەڵام باشترین رێگەچارە ئەوەیە کە حکومەت و هاووڵاتی لێکتێبگەن و لێك نزیك بن ئەمەش تەنیا بە شەفافییەتی حکومەت و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاووڵاتییان سەرکەوتوو دەبێت.

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندن و بایەخی ئەم پەیوەندییە گرنگەی نێوان حکومەت و هاووڵاتی و فاکتەرەکانی رێکخستنی ئەم میکانیزمە بۆ ئەم راپۆرتە چەندین پسپۆڕ هاوکاریان کردووین، کە چەندن نموونەی جیاوازی وڵاتانمان بۆ دەخەنە روو.



**پرۆفیسۆر موریس سیسک**
**ئوستادی ئابووری سیاسیی لە زانکۆی سرایڤۆ بۆ گوڵان:**

# لە قۆناخی بونیادنانەوە زۆر پێویستە خەڵکی هانبدرێن بۆ هاریکاریکردن لە چارەسەکردنی کێشەکاندا

**پرۆ فیسۆر موریس سیسك ئوستادی ئابووری سیاسییە لە زانکۆی سرایڤۆ لە بۆسنە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر بوژاندنەوەی ئابووری و بونیادنانەوە لە کۆمەڵگەی دوای شەڕدا.**
**پرۆ فیسۆر سیسك، لەم راپۆرتەدا ئاماژەی بە ئەزموونی دوای شەڕی بۆسنە دەکات، ئەو پێی وایە ئەزموونی بوسنە ئەزموونێکی سەرکەوتوو نییە، بەڵام بەشێوەیەکی ئیجابییانە ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنێت.**
**دەربارەی ئەم پرسە و پرۆسەی بوونیادنانەوە لە عێراق و کوردستان، پرۆ فیسۆر مورسی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**



### وڵاتانی ئەوروپی یارمەتییێکی گەورەی بۆسنە یاندا

***شەڕی بۆسنیا بووە هۆی کاولکاری و تێکشکاندنی ئەو وڵاتە، چۆن ئەو وڵاتە توانی دەست بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بکات لە دوای رێککەوتنی دایتۆنەوە؟**

- ئەوان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هاوکاری و پشتگیری کران، هەروەها لە لایەن وڵاتانی ئەوروپا و زۆرێك لە رێکخراوە مرۆییەکانی وەك کۆمیتەی هلسنکی و رێکخراوەکانی ترەوە کۆمەکی دارایی کران، کە توانیان سوود لەو هاوکاری و یارمەتییانە وەربگرن.

### نوسینگەی یەکێتی ئەوروپا جێگەی حکومڕانییە سیاسییەکەی بۆسنەی گرتۆتەوە

***چۆن پارتە سیاسییەکان توانیان هەڵبستن بە دامەزراندنی دام و دەزگا حکومییەکان لە دوای شەڕەوە، هەروەها چۆن خەڵکی هاوکاری حکومەتیان کرد لەم رووەوە؟**

- بە داخەوەی بەرەوپێشچوونی دیموکراسیەکی سیاسیی لەو وڵاتەدا بەدی ناکەین و هێشتا سەرچاوەی حکومڕانییەکە بریتییە لە یەکێتی ئەوروپا کە نوسینگەیەکی هەیە بە ناوی نوسینگەی نوێنەرایەتی باڵا کە بەرپرسە لە کاروبارە سیاسیی و ئابوورییەکان، کە ئەمە جێی سیستەمە سیاسییەکەی گرتۆتەوە، واتە پارتگەلێکی سیاسیی هەیە، بەڵام نەبوونەتە هۆی هێنانەدی دیموکراسییەتێکی ئاسایی. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رۆڵە گەورکە دەبینێت، ئەمەش خەڵکی دووچاری شڵەژان کردووە، لەبەر ئەوەی خەڵکی بناغەیەك شك نابەن بۆ بەرەپێشچوون لە ئایندەدا.

### بونیادی حکومەتی دیموکراسی پێویستی بە کۆدەنگییەکی نیشتمانی هەیە

***کەواتە کە باس لە حکومەتی دیموکراسی دەکەین دەبێت پێشتر چەند بنچینەییەك یاخود چەند هەنگاوێك هەڵگیرابن، وەك دامەزراندنی دام و دەزگا حکومییەکان و رێزگرتن لە سەروەری یاسا. تاچەند تۆ لەگەڵ ئەم هەنگاوانەی ؟**

- دەبێت کۆدەنگییەکی نیشتمانی هەبێت لەسەر ئەوەی وڵاتەکە چ ئاراستەیەك دەگرێتەبەر، بە چەشنێك زۆرینەی خەڵکی یان هێزە سیاسییەکان لەسەر ئەوە رێکبکەون کە بناغەیەك بۆ سیستمێکی دیموکراسی دابرێژن، دواتر دەبێت پلانت هەبێت کە لە ماوەی چەند ساڵی داهاتودا چی دەکەن، من پێم وایە ئەو کۆدەنگیە گرنگییەکی زۆری هەیە کە دەبێت لە نێوان هێزە گەورەکاندا بهێنرێتەدی، وەك پارتە سیاسییەکان، رێکخراوە ناحکومییەکان و رێکخراوە مرۆییەکان. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو پارتە سیاسییانەی بەرنامە و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە رووبەڕوی یەك ببنەوە و نەگەنە کۆدەنگییەك لە سەر خاڵە سەرەکی و بنەڕەتییەکان ئەوا ناتوانرێت ئەو دیموکراسییەتە بهێنرێتەدی.

### دەبێت لە وڵاتانی دوای شەڕ سەرکردایەتێک هەبێت ئاراستە بەرەو پێشەوە چوون بۆ خەڵک دیاری بکەن

*** لە وڵاتانی دوای شەڕدا ئەرکی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ و کاولکاری لە تواناکانی حکومەت گەورەترە، ئایا چۆن حکومەت دەتوانێت خەڵکی ئامادە بکات بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە؟**

- لە راستیدا ئەوە پرسیارێکی باشە لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئەوە لە بۆسنیادا رووی نەداوە، سەرەتا دەبێت خەڵکانێکی شارەزا و شایستە و خاوەن ئەزمون لە حکومەتدا کاربکەن. بە داخەوەی هێشتا لە بۆسنیادا ئەو جۆرە خەڵکانە لە حکومەتدا نابینین، هێشتا درکیان بە گرنگی جێبەجێکردنی ستراتیجیەتێك نەکردووە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە. دەبێت لە کۆمەڵگە و وڵاتی دوای شەڕدا سەرکردەگەلێك هەبن کە ئاڕاستەی بەرەوپێشچوون بۆ خەڵك دیاری بکەن و چارەسەری واقیعی دیاری و دەستنیشان بکەن بۆ کێشەکان و خەڵکی هان بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرانە.

**گرنگترین ئەرک لە کۆمەڵگەکانی دوای شەڕدا**
**بنیاتنانەوە و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوورییە**

*** لە وڵاتانی دوای شەردا هەموو بوارەکان بە قۆناغی ئینتقالیدا تێدەپەرن، بە تایبەتی کە خەڵك تینووی ئازادین بەڵام ئەم ئازادیەش پێویستی بە رێکخستن هەیە، ئایا میکانیزمی ئەو رێکخستنە چۆن دەبێت ؟**

- ئەوە پرسیارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی خەڵکی پەرۆشی هێنانەدی ئازادین، بەڵام لە هەمانکاتدا هەوڵی هێنانەدی سەقامگیری ئابووریش دەدەن، واتە بە گشتی کۆمەڵگەکان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئاسایش و سەقامگیری سیاسییدان. ئەگەر حکومەتێکی بەرپرس هەبوو، ئەوا هەڵدەستێت بە داڕشتنی پلان بۆ بنیاتنانەوە ژێرخانی ئابووری و بوژاندنەوەی ئابووری. دواتر بەڵێنی هێنانەدی ئازادی و کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دەدات. کۆمەڵگەی عێراق و هەموو کۆمەڵگەییەکی تر خوازیاری دیموکراسین، بەڵام گرنگترین ئەرك و ئامانج لە کۆمەڵگەکانی دوای شەڕدا بریتییە لە بنیاتنانەوە و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری. بۆ نموونە حکومەتی بەرپرس دەتوانێت بەڵێنی ئەوە بدات بە خەڵك و جێبەجێشی بکات کە لە ماوەی دە ساڵی داهاتودا داهاتی تاکەکەس بە رێژەیەکی دیاری کراو زیاد دەکات.

**دەبێت ئەو راستییانە بۆ خەڵک روونبکرێتەوە**
**سەرکەوتنی پرۆسەکە گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ژیان و گوزەرانییان**

*** بەڵام ئەو ئەرك و ئامانجەی ئاماژەت پێکرد، پێویستی بە زەمینە رەخساندنێك هەیە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ئاستی هۆشیاریان بەرزبێتەوە، واتە ئایدیۆلۆژییەتی شەڕو کاولکاری بگۆڕێت بۆ ئایدیۆلۆژییەتی ئاشتی و بونیادنانەوەو لە ئاستی ئەو قۆناخەدا بن ئایا راگەیاند دەتوانێت لەم بوارە چ رۆڵێك بگێرێت؟**

-گرنگە دەزگاگەلێکی راگەیاندنی ئازاد و دیموکراسی بنیات بنرێت، کە سەربەخۆبن لە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوی سیاسیی، بۆ نموونە لە عێراقی سەردەمی سەددام حوسێن و لە یوگسلافیای پێشوودا دەسەڵاتی سیاسیی جڵەوی دەزگاکانی راگەیاندنیان کردبوو، بەڵام ئەوە پرۆسەیەکی دورودرێژە و لە شەو و رۆژێکدا روونادات. واتە رۆڵی راگەیاندن و رۆژنامەکان گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە یاسایەك هەبێت ئەو رۆژنامە و دەزگا راگەیاندنانە بپارێزێت کە سەربەخۆن و خاوەنی میسداقیەتن.

دەبێت ئەو راستییە بۆ خەڵك روون بکرێتەوە کە بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پرۆسەی بەرەوپێشچوون لە قۆناغی دوای شەڕدا، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانیان، ئەوەش پێویستی بە کۆمەڵێك ڕێ و شوێنی سیاسیی و ئابووری و کەلتووری هەیە، هەروەها گرنگە ژینگەیەکی ئازاد بۆ خەڵك بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئازادانە گوزارشت لە بیروڕاکانی خۆیان بکەن بێ ئەوەی ترس و نیگەرانی ئەوەیان هەبێت کە دووچاری سەرکوتکردن دەبنەوە، ئەو کاتە دەتوانن واقیعی نوێی دوای شەڕ ببینن و هەست بە گرنگی پرۆسەی بەرەوپێشچوون بکەن.

**باشترین رێگەئەوەیە دەست بە کاری وەبەرهێنان بکرێت هاندانی خەڵکە بە تواناکان بدرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکە**

*** یەکێکی تر لە بارودۆخەکان کە وڵاتانی دوای شەڕ رووبەڕووی دەبنەوە ئەوەیە کە تواناکانیان لە کاتی شەڕدا دووچاری ئیفلیجی هاتووە، هەر بۆیە پێویستمان بە دووبارە چالاککردنەوەی ئەو توانا ئیفلیج بووانە هەیە لە قۆناغی بنیاتنانەوەدا، کەواتە ئەو میکانیزمانە چین کە بە هۆیانەوە دەتوانین سوود لەو توانایانە وەبگرین؟**

- تواناکان خامۆش نەبوون، بەڵکو زۆرجار ئەو توانایانە لەدەست دراون، لەبەرئەوەی خەڵکە بە توانا و بەهرەمەندەکە وڵات جێدەهێڵن. هەر بۆیە کاتێك شەڕ کۆتای دێت ئەو خەڵکانەت نییە کە توانای راپەڕاندنی ئەرکەکانی بنیاتنانەوەیان هەبێت، ئەوەش کێشەیەکی زۆر جیدیە، لەبەر ئەوەی تۆ باشترین بەهرە و عەقڵی وڵاتەکە لەدەست دەدەیت. توانای بەرهەمهێنانی لە دەست دەدەیت، من پێم وایە باشترین کار ئەوەیە دەست بە کاری وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پەروەردە و هاندانی خەڵکە بە تواناکان بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکە، هەروەها دەکرێت بە هۆی رەخساندنی ژینگەیەکی لەبارەوە خەڵکی بواری ئەوەیان هەبێت زانست و مەعریفە پێویستەکان بەدەست بهێنن.

**عێراقییەکان شڵەژاون،نازانن چ سیستەمێک**
**بۆ بونیادنانەوەی وڵاتەکەیان پیادەبکەن**

*** کەواتە بۆ ئێمە لە عێراقدا، ئایا چۆن دەکرێت هەڵبستین بە بنیاتنانی حکومەتێکی باش و سڕینەوەی ئاسەواری دیکتاتۆری لە یەك کاتدا؟**

- ئەوە ئەرکێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی لە ماوەی سەد ساڵی رابردودا دیموکراسییەتێکی عەرەبی بەدی ناکەین لە جیهانی عەرەبیدا. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا عێراقییەکان دووچاری شڵەژان و پشێوی بوونە، لەبەر ئەوەی پێشتر و بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریدا بوونە، کە نزیکەی شەست بۆ حەفتا ساڵی خایاند، دواتر دەسەڵاتێکی داگیرکار هات کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو، عیراقییەکان نازانن چ سیستەمێك بگرنەبەر و هێزەکانی کۆمەڵگە کە دوای کۆتای هاتنی دیکتاتۆری جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست بە هەمان ئایدیای دیکتاتۆرییەوە کاروبارەکان هەڵدەسوڕێنن. ئەوەش گۆڕینی دیکتاتۆرێکە بە دیکتاتۆرێکی تر، جا دیکتاتۆرێکی ئاینی بێت، یان تائیفی بێت، یان نەتەوەی، لە راستیدا ئەوە کێشەکەیە لە عێراقدا، بەڵام پێم وایە کوردستان بە باشی کارەکان بەڕێوەدەبات و بەدەرر لەو حاڵەتە.

*** بەڵام ئەم شڵەژان و سەرلێتێکچوونەی باسکردت بۆتە هۆکاری دیاردەیەکی ترسناکتر کە ئەویش دیاردەی گەندەڵییە ئایا چۆن ئەم دیاردەیە چارەسەر دەکرێت ؟**

- وەڵامێکی ئاسان بۆ ئەو پرسیارە نییە، گەندەڵی دیاردەیەکی دورودرێژە و تەنها لە رێی دامەزراندنی دام و دەزگای دیموکراسییەوە دەتوانین کار بۆ نەهێشتنی بکەین، هەروەها بە هۆی بوونی سیستەمێکی دادوەری کاراوە کە هەڵبستێت بە دادگای کردن و سزادان کەسە گەندەڵەکان، گەندەڵی تێکەڵ بە کەلتوور بووە، لەبەر ئەوە شتێکی واقیعی نییە کە چاوەڕوان بکەین بە ئاسانی بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ بین. دەبێت سیستەمێکی یاسای هەبێت ئەوە دیاری بکات چی رێپێدراوە و چی قەدەغەکراوە، هەروەها دەبێت لایەنێك هەبێت بتوانێت ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات، ئەو کاتە دەتوانیت ئەو کەسانە سزابدەیت کە پابەند نابن بە پێوەرە یاسایی و ئەخلاقییەکانەوە

●●●
**ئەگەر حکومەتێکی بەرپرس هەبوو، ئەوا هەڵدەستێت بە داڕشتنی پلان بۆ بنیاتنانەوە ژێرخانی ئابووری و بوژاندنەوەی ئابووری. دواتر بەڵێنی هێنانەدی ئازادی و کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دەدات**
●●●

●●●
**گرنگە ژینگەیەکی ئازاد بۆ خەڵک بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئازادانە گوزارشت لە بیروڕاکانی خۆیان بکەن بێ ئەوەی ترس و نیگەرانی ئەوەیان هەبێت کە دووچاری سەرکوتکردن دەبنەوە، ئەو کاتە دەتوانن واقیعی نوێی دوای شەڕ ببینن و هەست بە گرنگی پرۆسەی بەرەوپێشچوون بکەن**
●●●

●●●
**لە ماوەی سەد ساڵی رابردودا دیموکراسییەتێکی عەرەبی بەدی ناکەین لە جیهانی عەرەبیدا**
●●●

●●●
**گەندەڵی دیاردەیەکی دورودرێژە و تەنها لە رێی دامەزراندنی دام و دەزگای دیموکراسییەوە دەتوانین کار بۆ نەهێشتنی بکەین**
●●●

پرۆفیسۆر مونا حەرەب
پرۆفیسۆر لەبونیادنانەوەی دوای شەڕ لەزانکۆی ئەمەریکی- بەیروت بۆ گوڵان:

# لە وڵاتانی عەرەبیی دوای شەڕدا بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی تێکەڵاوبووە هەر بۆیە بونیادنانەوەی دامەزراوەکان سەرکەوتوو نەبوون



**پرۆفیسۆر مونا حەرەب، کە ئوستادی سیاسەتی پلاندانانی شاری هاوچەرخە Urban Planning and Policy لەزانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت، یەکێکە لەو پسپۆرانەی لەپرۆسەی دوای شەڕی لوبناندا لە بونیادنانەوەو سڕینەوەی ئاسەواری شەڕدا بەشداربووە، بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی لوبنان پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر مونا حەرەب کردو بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**لە وڵاتانی عەرەبیدا بەرژەوەندنی گشتی و تایبەتی تێکەڵاو بووە هەربۆیە سەروەریی یاسا و بونیادی دامەزراوەکان سەرکەوتوو نەبووە**

*** لوبنان وڵاتێکی دیکەی دوای شەرو کاولکارییە، ئەگەر لوبنان وەك نموونە سەیر بکەین، ئایا بونیادنانەوەی لوبنان تاچەند دەبێتە نموونە بۆ وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ؟**

- بە زۆری لە وڵاتانی دوای شەڕ لە جیهانی عەرەبیدا، سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دامەزراوە حکومییەکان ئامانجگەلێکی بەرزەفڕانەن کە هێنانەدیان ئەگەرێکی دوورە بەلەبەرچاوگرتنی سیستەمە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە کە بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی لە یەك جیاناکەنەوە. نوخبەی حکومڕان و سیاسەتمەداران پیاوانی کارن، سەرمایەگوزارن لە بواری موڵك و زەوی و زاردا مامەڵە دەکەن...بەو شێوەیە بڕیار لە کاروبارە گشتییەکان دەدەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیان و و دار و دەستەکانیاندا دەگونجێن، نەك بەو شێوەیەی بەرژەوەندی گشتی دەهێننەدی. هەنگاوەکانی گۆڕانی سیاسی ئەمانە لە خۆدەگرن:

(١) سیستەمێکی هەڵبژاردن کە لە سەر بنەمای شایستەیی دەرفەت بە حکومڕانەکان بدات بۆ ئەوەی بگەنە پێگەی بڕیاردان، نەك ئەو سیستەمی هەڵبژاردنەی کە دەبێتە هۆی دووبارە هەڵبژاردنەوەی هەمان نوخبەی سیاسی.

(٢) بنیاتنانی بونیادێکی سیاسی لە سەر بنەمای شایستەیی و بەرنامە سیاسییەکانی حکومڕانەکان، نەك لەسەر بنەمای ئاینی، ئیتنی، یان پەیوەندی ودۆستایەتی.

(٣) جێگیرکردنی سیستەمی چاودێری کردنی دەسەڵات بۆ هێنانەدی شەفافییەت و بەرپرسیارێتی لە دەرکردنی بڕیارەکاندا، ئەمەش ئەو دەرفەتە بۆ خەڵك دەڕەخسێنیت بۆ ئەوەی بە پرۆسەی دەرکردنی بڕیارەکاندا بچنەوە و بڕیاری ئەوە بدەن ئایا دووبارە هەمان بڕیار بەدەست هەڵدەبژێرنەوە یان نا.

**دەبێت هەر لە سەرەتاوە دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی خەڵکی بەشداری لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بکەن**

*** تۆ هەر لەسەرەتاوە بەرەشبینی باسی مەسەلەکەت کرد، بەڵام ئەگەر هەوڵبدرێت خەڵك بۆ ئەم پرۆسەیە ئامادەبکرێت، ئایا ئەو زەمینەسازییە چۆن دەبینیت؟**

- دەبێت هەر لە سەرەتاوە دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی خەڵکی بەشداری لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بکەن، ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە ژیان و بنیاتنانی ژینگەکەیانەوە، تەنانەت لە کاتی شەڕ و قەیرانەکانیشدا. کاتێك خەڵکی هەست دەکەن ئەو بڕیارانە لە بەرژەوەندی ژیان و ئایندەی ئەوان دەدرێت، بە شێوەیەکی

سروشتی هەڵدەستن بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە و تەنانەت پێشەنگیش دەبن. گرنگە هەوڵی خستنەگەڕی تواناکانی خەڵك بدرێت و هەوڵبدرێت کەلێنی نێوان ئەو خەڵکە و کۆمەك بەخشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان نەهێڵرێت.

نابێت ئازادییەکان سانسۆڕیان بخرێتە سەر. دەبێت کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بەردەوام ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی خەڵکی هەست بکەن لە ڕێکخستنەوەی کاروباری دوای شەڕدا بەشداری دەکەن. دەبێت هەڵبستین بە هاندانی هەموو جۆرە مشتومڕ و گفتوگۆیەك بۆ ئەوەی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بتوانن ئازادانە گوزاشت لە ڕا و نیگەرانی و خواست و پێداویستییەکانی خۆیان بکەن.

## دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە بەشداری پێکردنی خەڵك لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی سیاسی، کەلتووری و ئابووریدا


***بەڵام خۆ دەبێت پاڵنەرێك هەبێت بۆ پەرەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیری و دووبارە بنیاتنانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە نێو خەڵکدا، بێ گومان دەبێت لەو کاتەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ و بنەڕەتی خۆیان ببینن، بە پێی تێڕوانینی ئێوە چۆن دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ئەو ڕۆڵی چاوەڕوانکراوە ببینن؟**

-دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە بەشداری پێکردنی خەڵك لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی سیاسی، کەلتووری و ئابووریدا. دەتوانن کارێکی بەرچاو بکات بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی دەربارەی کۆبوونەوە و گفتوگۆکان. دەتوانن مینبەرێك بن بۆ گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربارەی پرۆسەی بنیاتنانەوە دەربڕن. دەتوانن دەرفەت بۆ خەڵکە پەراوێزکراوەکان بڕەخسێنن بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیەنن. دەبێت بە بەردەوامی بە دواداچوون بکەن بۆ پرۆسەی بنیاتنانەوە، نابێت تەنها جەخت لەسەر ڕووداوە بەرچاوەکان بکەنەوە و گاریگەرییە ڕۆژانەکانی ئەو پرۆسەیە پشت گوێ بخەن.

کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ پێویستیان بە پرۆسەیەکی دووردرێژی ئاشتی و لێبوردن هەیە. ئەگەر بڕیاری ئەوە بدەن کە هەموو ڕووداوەکانی ڕابردوو لە یادکەن و بیری لێنەکەنەوە، ئەوا پرۆسەی بنیاتنانەوەی دوای شەڕ دەرئەنجامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە لە ئاییندەدا. هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ( گەنجان، بە ساڵاچووان، ئافرەتان، مناڵان، پیاوان، هەژار و دەوڵەمەندەکان...) دەبێت بەشداربن لە پرۆسەی بونیادنانەوە بە شێوەی جیاواز ( نەخشەسازی، ئەندازیاری، شیعر، ئەدەب، مۆسیقا، هونەر، پێشانگا، گفتوگۆ، کۆنفرانس، وێرك شۆپ، چالاکیە گشتییەکان و گێڕانەوە و هتد).

***یەکێکی تر لە بارودۆخەکان کە وڵاتانی دوای شەڕ ڕووبەڕوی دەبنەوە ئەوەیە کە تواناکانیان لە کاتی شەڕدا دووچاری ئیفلیجی هاتووە، هەر بۆیە پێویستمان بە دووبارە چالاککردنەوەی ئەو توانا ئیفلیج بووانە هەیە لە قۆناغی بنیاتنانەوەدا، کەواتە ئەو میکانیزمانە چین کە بە هۆیانەوە دەتوانین سوود لەو توانایانە وەبگرین؟**

- ئەو پرۆسەی یادهێنانەوەیەی پێشتر ئاماژەم پێکرد یەکێکە لە میکانیزمەکانی خستنەوەگەڕی ئەو توانا خامۆشانە. یەکێکی تر لە میکانیزمەکان بریتیە لە بەشداری پێکردنی خەڵك لە چالاکییە جۆراوجۆرەکان کە لە لایەن شارەوانییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کۆمەڵە مەحەلییەکان، گروپی گەنجان، زانکۆکان و سەنتەرە هونەرییەکانەوە ئەنجام دەدرێن.



*** بەڵام ئەم قۆناخەی ئێمە باسی دەکەین هەمووی هەر ئیجابی نییە، هەموو کات لەم قۆناغەدا دیاردەی گەندەڵی سەریهەڵداوە، ئایا چۆن ئەم دیاردە ترسناکە کەم بکەینەوە؟**

-هەروەك لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، یەکێك لە ئامرازە سەرەکییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بریتییە لە دارشتنی سیستەمێکی سیاسی کە لە لایەن نوخبەیەکەوە بەڕێوەنەبرێت کە تەنها پەرۆشی هێنانەدی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن، هەروەها دەبێت چاودێری نوخبەی دەسەڵاتدار بکرێت بۆ ئەوەی کەڵکی خراپ لە سیستەمە سیاسییەکە وەرنەگرن بۆ هێنانەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان و دار و دەستەکانیان.

●●●
**کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ پێویستیان بە پرۆسەیەکی دووردرێژی ئاشتی و لێبوردن هەیە**
●●●

●●●
**یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بریتییە لە دارشتنی سیستەمێکی سیاسی کە لە لایەن نوخبەیەکەوە بەڕێوەنەبرێت کە تەنها پەرۆشی هێنانەدی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن**
●●●

## پرۆفیسۆر مارک سۆیر
## ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی شیکاگۆ بۆ گوڵان:

# لە کۆمەڵگەکانی دوای شەڕدا تەنیا ژێرخانی ئابووری کاولنەبووە، بەڵکو لە رووی دەروونیشەوە تێکشکاون

**پرۆفیسۆر مارک سۆیر کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی شیکاگۆ، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کۆمەڵگاکانی ئەمەریکای لاتینی و بایەخ بەم بوارانەی کۆمەڵگەی ئەمەریکای لاتینی داوە:**
**((رەگەزپەرستی و سیاسەت لەناوچەی کاریبی، رای گشتی و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەلگاکانی کاریبی))**
**پرۆفیسۆر مارک سۆیر، بارودۆخی کۆمەڵگاکانی کاریبی بە عێراق بەراورد دەکات و پێی وایە کە پرۆسەی بونیادنانەوە و دیموکراتی پێویستی بە ئیرادەی خەڵکەوە هەیە نەك دیموکراتی لە دەرەوەدا بەسەریدا بسەپێنرێت سەبارەت بەم پرۆسەیە لە عێراق و کوردستان پرۆفیسۆر مارک سۆیر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**



**هەموو کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ**
**تەنها بە دەست کاولکاری ژێرخانەکانەوە نا ناڵێنن**
**بەڵکو لە رووی دەروونیشەوە تێکشکاون**

*** لە وڵاتانی دوای شەڕدا پرۆسەی بونیادنانەوە تەنیا پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووریی نییە، هەربۆیە ئەرکی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ لە تواناکانی حکومەت گەورەترە، بۆیە زۆر گرنگە هاووڵاتیان هاریکاری حکومەت بن لەم ئەرکە قورسەدا، ئایا چۆن حکومەت دەتوانێت خەڵکی ئامادە بکات بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە؟**

-بێگۆمان ئەوە ئەرکێکی قورسە، لە وڵاتانی دوای شەڕدا، تەنانەت هەموو کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ نەك تەنها بە دەست کاولکاری ماددی و ژێرخانەکانەوە دەناڵێنن، بەڵکو لە رووی دەرونیشەوە تێکشکاون، لەهەمان کاتدا کۆتایی هێنان بە توندوتیژی سیاسیش ئەرکێکی قورسە کە هەر لەگەڵ دەستی پێکرد کۆتایی پێهێنانی زەحمەتە. کەواتە ئەرکەکانی بنیاتنانەوە ئەرکگەلێکی ئاڵۆزن لە رووی خەرجی و تێچوونەکانی ئەو پرۆسەیەوە کە پێویستە بەوپەڕی وورياییەوە ئەو ئەرکە ئەنجام بدرێت، ئەمە جگە لە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە سیاسی و دەروونییەکان و رەچاوکردنی باری گرانی ئەو شەڕە، هەروەك ئەوەی لە بارودۆخی عێراقدا بەدی دەکەین. لە راستیدا دەرفەتی ئەوە نەبووە، یان رێگایەکی جیددی و کاریگەر نەگیراوەتەبەر بۆ تەرکیزکردنەوە لە سەر پرۆسەی بنیاتنانەوە و یەکخستنەوەی خەڵك لە چوارچێوەیەکی سیاسی یەکگرتوودا بە تایبەتی لە دوای توندوتیژی شەڕەکەوە یان توندوتیژی رژێمی سەددام حوسێنەوە. دەکرێت ئاماژە بە چەند نموونەیەکی دیکە بدەین وەك باشووری ئەفریقیا و سلڤادۆر هەرچەندە ئەو دوو وڵاتە بە دیموکراسییەتێکی سەقامگیر لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام هێشتا کێشەیان هەیە لە گەڵ دیموکراسی و حوکمی یاسادا هەیە، کە هەندێ جار حکومەتەکانیش لایەنێکن تێیدا، ئەوەش بەرهەمی پەنابردنە بەر توندوتیژییە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان.

***کەواتە بونیادی دیموکراسی لەو کۆمەڵگایانە پێویستی بە زەمینەسازی هەیە، ئایا ئەو زەمینەسازیانە چین؟**

- ئەوە ئەرکێکی ئاڵۆزە، هەمیشە سەپاندنی دیموکراسی بە سەر وڵاتاندا لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە کارێکی زەحمەت بووە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو وڵاتانە خوازیاربن بە شێوەی تایبەتی خۆیان کاروبارەکان بەڕێوەببەن و تێڕوانینی تایبەتیان هەبێت بۆ بونیاتنانی دامەزراوەکان و سەروەری یاسا، لەو حاڵەتانەدا بنیاتنانی دیموکراسی ئەرکێکی زەحمەتە.

بۆ نموونە ئەگەر باس لە دیموکراسی لیبراڵی بکەین کە پەیوەستە بە چەمکی رێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە و ئەوە لەخۆدەگرن، ئایا خەڵکی ئامادەن دەست لە هەندێ لە ئازادییەکانیان هەڵبگرن لە بواری رادەربڕینی ئازاددا لە پێناو پاراستنی ئازادی ئەوانی تر، ئایا ئامادەن پێکەوە لە کۆمەڵگەدا بژین، ئەوەش قورسە و نەك تەنها

ڕەهەندێکی دامەزراوەیی هەیە، بەڵکو ڕەهەندی سیاسی و دەروونیشی هەیە.

**دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی هەست و خواستەکانی خەڵک بن ڕیگاچارە بۆ کێشە سەختەکانی خەڵک بدۆزنەوە**

*** بێگومان دەبێت پاڵنەرێك هەبێت بۆ پەرەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیری و دووبارە بنیاتنانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە نێو خەڵکدا، ئەمەش وادەکات دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ و بنەڕەتی خۆیان ببینن، بە پێی تێڕوانینی ئێوە چۆن دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ئەو ڕۆڵی چاوەڕوانکراوە ببینن؟**

- دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئازاد بن و ئازادی ڕەخنەگرتنیان هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەوانەیە ببنە ئامرازێکی پڕۆپاگەندە، دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی هەست و خواستەکانی خەڵك بن و هەندێ جار دەتوانێت ڕۆڵ ببینن لە دۆزینەوەی ڕیگاچارە بۆ کێشە سەختەکانی خەڵك، کە هەندێ جار ئەو کێشانە کێشەگەلێکی قورس و ئازاربەخش و مشتومڕهەڵگرن، هەروەها دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە بنیاتنانەوەی نەتەوەدا، واتە دەبێت دەزگاگەلێکی ئازاد و سەربەخۆ بن دەرفەت بۆ هەموو گۆشەنیگا و تێڕوانینەکان بڕەخسێنن بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن. لە کۆمەڵگە بیروبۆچوونی ناکۆك و جیاواز هەن کە دەبێت لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە.

دەبێت زۆر بە جیددی تەرکیز لە سەر بنیاتنانەوەی ماددی و دەروونی بکرێتەوە، چونکە هەمیشە شەڕ توندوتیژییەکی دەروونیش لەخۆدەگرێت، هەر بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێك بخرێتەگەڕ بۆ ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی توندوتیژییەکی بەربڵاو. بەداخەوە لە عێراقدا حاڵەتەکە بەو شێوەیە نییە، مەبەستم ئەوەیە عێراقێکی بۆ ماوەیەکی بەرچاو بە توندوتیژی سیاسیدا تێپەڕی، گرفتی سەرهەڵدانی ئەو توندوتیژییەش ئەوەیە هەر کاتێك دەستی پێکرد کۆتایی پێهێنانی زەحمەتە.

**دەبێت پرۆسەی بنیاتنانەوە بە چەشنێک بێت خەڵکی خۆیان بە خاوەنی ئەو پرۆسەیە بزانن**

***لایەنێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە پێویستیمان بە دووبارە چالاککردنەوەی ئەو توانا ئیفلیج بووانە هەیە بۆ قۆناغی بنیاتنانەوەدا کە لە قۆناغی شەڕدا ئیفلیج کرابوون، کەواتە ئەو میکانیزمانە چین کە بە هۆیانەوە دەتوانین سوود لەو توانایانە وەربگرین؟**

- بۆ خستنەوەگەڕ و چالاککردنەوەی ئەو توانایانە پێویستت بە دامەزراوەکان دەبێت، بۆ نموونە پێویستت بە بەشداریکردنی گشتی و پرۆسەکانی بنیاتنانەوە دەبێت بە چەشنێك خەڵکی بێت خۆیان بە خاوەنی ئەو پرۆسەیە بزانن و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروست بوونی ناسنامەیەکی گشتی، ئەوەش یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕێکخستنی کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەی خەڵك و بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە پرۆسەکانی بنیاتنانە و ئاوەدانکردنەوەدا. کاتێك خەڵکیش ڕۆژانە هەستیان بە گۆڕان کرد، بە گوڕوتینێکی زیاترەوە کار دەکەن و ئەو کاتە دەتوانن جیاوازی دروست بکەن.

**بنیاتنانی دامەزراوەکان بۆ پاراستنی ئازادی هاووڵاتییان گرنگ و پێویستن**

*** کەواتە بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، چۆن دەکرێت هەڵبستین بە بنیاتنانی حکومەتێکی باش و سڕینەوەی ئاسەواری دیکتاتۆری و گەندەڵی لە یەك کاتدا؟**

- دیکتاتۆرییەت تەنیا یەك شێوە وەرناگرێت، بەڵکو شێوە و فۆرمی جیاوازی هەیە، کە هەندێ جار دیکتاتۆرییەتەکە دیکتاتۆرییەتێکی ئایینییە. هەربۆیە دەبێت هەڵبستین بە بنیاتنانی دامەزراوەگەلێك بۆ پاراستنی ئازادی هاووڵاتییان، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت هاووڵاتییانیش متمانەیان بەو دامەزراوانە هەبێت، ئەوەش قورسە لەبەر ئەوەی سیستمێکی دیموکراسی لیبراڵی لە عێراقدا بوونی نییە، کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان هەڵبستن بە چەسپاندنی ئەو دیموکراسییە نەك لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە بەسەریاندا سەپێنرابێت، ئەوەش یەکێکە لە تەحەدداکان کە ڕووبەڕووی عێراقییەکان بۆتەوە.

بەرەنگاربوونەوە و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵیش ئەرکێکی سەختە، کاتێك گەندەڵی تەشەنەدەکات، ئەوا دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم هەوڵەکانی بنیاتنانەوەدا، بەڵام تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپاش خاڵی نین لە گەندەڵی، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێت تەواوی هەوڵ و کۆششەکانی خۆمان بخەینەگەڕ بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی تا ئەو ئاستەی دەتوانین.

●●●
**هەموو کۆمەڵگەکانی دوای شەڕ نەک تەنها بە دەست کاولکاری ماددی و ژێرخانەکانەوە دەناڵێنن، بەڵکو لە ڕووی دەرونیشەوە تێکشکاون، لەهەمان کاتدا کۆتایی هێنان بە توندوتیژی سیاسیش ئەرکێکی قورسە کە هەر لەگەڵ دەستی پێکرد کۆتایی پێهێنانی زەحمەتە**
●●●

●●●
**دیکتاتۆرییەت تەنیا یەک شێوە وەرناگرێت، بەڵکو شێوە و فۆرمی جیاوازی هەیە، کە هەندێ جار دیکتاتۆرییەتەکە دیکتاتۆرییەتێکی ئایینییە. هەربۆیە دەبێت هەڵبستین بە بنیاتنانی دامەزراوەگەلێک بۆ پاراستنی ئازادی هاووڵاتییان**
●●●



پێشبینی و مەزندەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی کە هێشتا ١٦ هەفتەی ماوە، هەتا لە یەکەم سێشەممەی نۆڤەمبەری داهاتوو ئەوە یەکلایی بێتەوە ئایا میوانی تازەی کۆشکی سپی باراك ئۆبامای دیموکراتییە یان جۆن مەککینی کۆمارییە.

بەهەر حاڵ ئەگەر باراك ئۆباما ئەم هەڵبژاردنە بەرێتەوە لەوانەیە لەجێی مەزندەی چاودێراندا بێت و ئەگەر جۆن مەککینیش بیباتەوە لەوانەیە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت، بێگومان بۆ هەریەك لە بردنەوەو دۆڕاندن هەریەکێکیشیان کۆمەڵێك هۆکاری خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە ئەگەر باراك ئۆباما ئەم هەڵبژاردنە بباتەوە ئەم کۆمەڵە هۆکارە ڕیزدەکرێن:

١. سروشتی گەلی ئەمەریکا حەزی لەگۆڕانە، ئەوەی ماوەی دوو پۆستە ئیدارەی ئەمەریکی بەدەست کۆمارییەکانەوەیە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە بدرێتە دیموکراتەکان.

٢. ئابووری ئەمەریکا دووچاری هەڵاوسان بووەوە، لەبەرئەوەی ئیدارەی کۆمارییەکان لەسەر حسابی باجی دەنگدان شەڕەکانی عێراق و ئەفغانستانیشیان بەڕێوە دەبرد.

٣. ڕای گشتی دژی شەڕی عێراق بوو، باراك ئۆباماش لەساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ زۆر بەگەرمی دژایەتی ئەم شەڕەی دەکرد، بۆیە دەرکەوت ئەو شەڕە هەڵەبووە لەبەرئەوە ئەمجارە باراك ئۆباما لەناو هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی و لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاشدا زۆربەی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

٤. ئەمەریکییەکان حەز ناکەن ڕۆڵەکانیان لەشەڕ دابن و هەر ڕۆژەی تەرمی کۆمەڵێکیان بۆ دێتەوە ئۆباما بەڵێنی داوە، هێزەکان لە عێراقدا بکشێنێتەوە.

ئەگەر جۆن مەککینیش بیباتەوە، دیسان کۆمەڵێك فاکتەری دیکە ریز دەکرێت کە ئەویش هەر پەیوەندی بەسروشت و کاری ئەمەریکییەکانەوە هەیە لەوانە:

١. ئەمەریکییەکان کاتێك وڵاتەکەیان لەشەڕدابێت، پشتگیری ئەو پارتە دەکەن کە لەدەسەڵاتدایە لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو پارتە دەسەڵاتی لێوەربگیرێتەوە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئەو شەڕە گۆڕانکاری بەسەردادێت و ئەم گۆڕانکارییەش بە بەرژەوەندی دوژمنانی ئەمەریکا دەشکێتەوەو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش دەکەوێتە مەترسییەوە.

٢. لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە چیدیکە دوو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و ئارام ناتوانن ئاسایشی نەتەوەی ئەمەریکا بپارێزن، لەبەرئەوەی تیرۆریستان سەلماندیان کە دەتوانن هەردوو ئۆقیانووسەکە ببڕن و شەڕ بخەنە ناو ماڵی ئەمەریکا، هەر بۆیە شەڕی دژە تیرۆر، شەڕی رووخاندنی دیکتاتۆرەکان شەڕێکی پیرۆزە و دەبێت درێژەی پێ بدرێت و لەناو ماڵی تیرۆریستاندا شەڕ لەگەڵ تیرۆریستان بکرێت نەك لەناو ماڵی ئەمەریکییەکاندا.

٣. گەلی ئەمەریکا دەبێت باجی ئارامی و ئاسایش بدات، هەروەك چۆن باجی بۆ ئازادی داوە، هەر بۆیە کاتێك باجەکانیان دەدرێن بەخەرجی شەڕی دژە تیرۆر، ئەو باجە دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و ئاسایشی ئەمەریکا، بۆیە گەلی ئەمەریکا کە دەنگی بەجۆن مەککیندا، دەیەوێت جارێکی دیکە مەترسی نەکەوێتە سەر ئەمەریکا.

٤. ئەمەریکییەکان شانازی بەرۆڵەکانیانەوە دەکەن کە لەدەرەوەی سنووری خۆیان قوربانی لەپێناوی ئازادی و شکۆی ئەمەریکادا، بۆ ئەوەی ئەم شکۆدارییە بەردەوام بێت پێویستە بەشێك لە رۆڵەکانی ئەمەریکا لە دەرەوە بن، جۆن مەککین ئەم سیاسەتە واقیعەی هەبوو بۆیە گەلی ئەمەریکا دەنگی بۆدا ئەم بەراووردکارییە ئەوەمان پێدەڵێن کە دەرچوونی هەریەك لەمەککین و ئۆباما دوو ئەگەری نزیکە، بۆیە مەزندە کردن لەسەر تازەکەیان کە باراك ئۆبامایەو بەسەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەگشتی و بەتایبەتی لەعێرقدا گۆڕانکاری بەسەر دێت، هەر بۆیە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. سەبارەت بە جۆن مەککین، بێگومان سیاسەتی ئەو ئاشکرایەو درێژە پێدەری سیاسەتی ئێستای سەرۆك بوش دەبێت، بەڵام سەبارەت بە ئۆباما هەتا ئێستاش سیاسەتێکی روون و ئاشکرا نییەو تەنانەت ئەو هێڵە گشتیانەی کەوەك سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکایە.

## ئۆباما بەنیازە سەردانی عێراق بکات

ئەوانەی رەخنەی توند لەسیاسەتی تەمومژاوی ئۆباما بەرامبەر عێراق دەگرن، بۆچوونەکانیان لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئۆباما یەکێك بووە لەوانەی کە لەساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ زۆر بەتوندی دژی سیاسەتی شەڕکردنی ئەمەریکا بووە لە عێراقدا، ئەمەش بەو مانایە لێکدەدنەوە،ئەگەر ئۆباما بچێتە کۆشکی سپی واتە هەوڵی یەکەمی دەبێتە کۆتایی هێنان بەم شەڕە، لێرەوە مەسەلەکان بەشێوەیەکی دیکە دێنەوە روو ئایا ئۆباما ئامادەیە هەموو باجێك بدات بۆ کۆتایی هێنان بەم شەڕە؟ ئەگەر پێویستی کرد هێزەکانی ئەمەریکا لەعێرقدا بمێنێتەوە، ئایا ئەو هەر سوور دەبێت لەسەر ئەوەی ئەم هێزانە بکشێنێتەوە.

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم بڕیارانە بداتەوە ئاژانسەکانی هەواڵ ئاماژە بەوەدەکەن کە ئۆباما لە هەفتەی داهاتوودا گەشتێك بۆ ئەورپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێدەکات و یەکێك لەوێستگەکانی ئەم گەشتەشی عێراق دەبێت.

## دیموکراتەکان و هەرێمی کوردستان

ئەوەی ئێمە وەك هەرێمی کوردستان دڵمان پێی خۆشە، ئەوەیە ئەگەر دیموکراتەکان بگەنە دەسەڵات چارەسەری فیدراڵیزم بەیەکێك لە باشترین رێگە چارەکان دەزانن، لەژمارەکانی رابردوودا گوڵان لە بەڕێز جۆزیف بایدنی پرسی بوو: ئایا ئەو فیدراڵیەتەی ئێوە بۆ عێراق پشتگیری لێدەکەن چۆنە؟ بایدن بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دابۆوە : ((باشترین فیدراڵیزم بۆ عێراق ئەوەیە کە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی سنوورداربێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوانتربێت))

بۆ ئەم راپۆرتەش هەمان پرسیارمان ئاراستەی پرۆفیسۆر ڤیدگەلن کارپنتەر جێگری بەڕێوەبەری ئامۆژگای کاتۆی بەناوبانگ کرد و لێمان پرسیوە: ئایا ئەم نەخشەیەی جۆزیف

**ئەوەی ئێمە وەک هەرێمی کوردستان دڵمان پێی خۆشە، ئەوەیە ئەگەر دیموکراتەکان بگەنە دەسەڵات چارەسەری فیدراڵیزم بەیەکێک لە باشترین رێگە چارەکان دەزانن**

**سەرۆکی داهاتوو ئۆباما بێت یان مەککین دەبێت جۆرە پابەندبوونێکیان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان هەبێت**

بایدن دەبێتە بەشێك بەرنامەی ئۆباما؟ لە وەڵامدا بەتایبەتی بە گوڵانی رایگەیاند : ئەگەر ئۆباما ســەربکەوێت، بەرێز جۆزیف بایدن پاڵیوراوی ســەرەکییە بۆ وەزیری دەوەی ئەمەریکا، واتە ئەگەر ئۆباما بوو بە ســەرۆك ئەمەریکا بایدن وەزیری دەرەوەی ئەمەریــکا دەبێت، ئەمەش واتە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت بۆ ئەوەی بەرنامەی بایدن جێبەجێ بکرێت).

بۆ ئێمە ئەم لێدوانە تایبەتیانە جێگەی خۆشحاڵین و دڵنیابوونێکە بۆ ئایندەی کێشــەکەمان، بەڵام ئەمە بــەو مانایە نییە ئەگەر جۆن مەککین بووە ســەرۆك پشــتگیری هەرێمی کوردســتان ناکات، پرۆفیســۆر ئێدوار د ڤۆڵکەر کە یەکێکە لە شرۆڤەگەرە بەناوبانگەکانــی سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا بەوەی ئایا ســەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا جۆن مەککین بێت یان ئۆباما ئایا پابەندبوونیان بە پاراســتنی هەرێمی کوردستانەوە جیاواز دەبێت؟

پرۆفیسۆر ئیدوارد بەتایبەت پێی راگەیاندین سەرۆکی داهاتوو ئۆباما بێت یان مەککین دەبێت جۆرە پابەندبوونێکیان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان هەبێت.

بۆ زیاتر شــرۆڤەکردن ئەم پرسە گرنگە، ئەمە دەقی بۆچوونی ئەو بەرێزانەیە کە بۆ ئەم راپۆرتە تایبەت لێدوانیان داوە.



# باراک ئۆباما خەریکە لەکۆشکی سپی نزیک دەبێتەوە و بەڵام سیاسەتێکی ئاشکرای بەرامبەر بەعێراق نییە



**پرۆفیسۆر تیدگەلن کارپینتەر جێگری سەرۆکی ئامۆژگای کاتۆ بۆ دیراساتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوە بۆ گوڵان:**

# ئەگەر ئۆباما سەربکەوێت جۆزیف بایدن ڕۆڵی کاریگەری دەبێت و وەزیری دەرەوەی داهاتووی ئەمەریکا دەبێت

**پرۆفیسۆر تیدگەلن کارپینتەر، جێگری سەرۆکی ئامۆژگای کاتۆیە بۆ دیراساتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوە، کارپینتەر خاوەنی هەشت کتێبە و بەشدارە لە ١٠ کتێبی دیکە لە بواری کاروباری نێودەوڵەتیدا، هەروەها یەکێکە لە نووسەرەکانی گۆڤاری ناشناڵ ئینتریست، جۆرناڵ ئۆف ستراتجیل ستدەری، بەردەوامیش راوبۆچوونەکانی وەك کۆڵم لە رۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز، واشنتۆن پۆست، ڤۆول سترین جۆرناڵ، لۆس ئەنجلۆس تایمزو هەروەها لە گۆڤارەکانی تایمزو خۆرن ئەفێرز بڵاودەکاتەوە..**

**پرۆفیسۆر کارپینتەر، یەکێکە لەو شرۆڤەوانە بە نا و با نگا نە ی ئەمەریکا کە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی ئیدارەی ئەمەریکا بۆچوونەکانی لەبەرچاو دەگیرێت، سەبارەت رەوتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاو ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**جیاوازییەکی گەورە هەیە لە تێڕوانینی هەردوو پاڵێوراوی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا بەرامبەر عێراق**

***پێشبینیکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمەریکا کارێکی ئاسان نییە، ئێستا بەپێی راپرسییەکان چانسی ئۆباما لە مەککاین زیاترە، ئایا دەتوانین ئەمە بکەینە بنەما و بڵێین سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا ئۆباما دەبێت ؟**

- هەمیشە پێشبینیکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان تا رادەیەك گیروگرفت ئامێزە، ئەگەری ئەوە هەیە ئۆباما سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر جۆن مەککاین سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئۆباما هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کردووە کە ئەگەر بە سەرۆکی ئەمەریکا هەڵبژێردرێت ئەوا لە ماوەی شانزە مانگدا هێزە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکشێنێتەوە، ئەم هەڵوێستەشی دووپاتکردۆتەوە و هیچ ئاماژەیەکی دەرنەبڕیووە بۆ گۆڕینی هەڵویستی خۆی، ئەگەر هاتوو هەلومەرجەکە گۆڕا، ئەوا هێشتا پابەند دەبێت بە هەڵوێستی خۆیەوە. لەبەر ئەوە دەبێت حکومەتی عێراق بەرپرسیارێتی کۆنترۆڵکردنی عێراق بگرێتە ئەستۆی، هەروەها دەبێت سەرکردە سیاسییەکان بڕیاری ئەوە بدەن کە چۆن دەسەڵات لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمەکاندا دابەش دەکەن، بە تایبەتی هەرێمی کوردستان.

هەروەها ئۆباما خواستی خۆی بۆ بەشداری پێکردنی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق دەربڕیووە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی گرژی و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا، بۆ پابەندکردنی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە لە نێویاندا ئێران و سوریا بۆ پەرەپێدانی سەقامگیری لە عێراقدا. لەگەڵ بەدەستهێنانی پشتگیری دەوڵەتە عەرەبییەکان بۆ هاوکاری کردنی پرۆسەی بنیاتنانەوە لە عێراقدا، بەڵام بە چەشنی جۆن مەککاین وردەکارییەکانی هەڵوێستی خۆی ئاشکرا نەکردووە بۆ نموونە، جۆن مەککاین رایگەیاندووە کە تاوەکو بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە درێژە بە شەڕ دەدات و دواتر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هێزەکانی لە عێراقدا جێگیر دەکات کە رەنگە چەند دەیەیەك بخایەنێت. کەواتە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە تێڕوانینی هەردوو پاڵێوراوی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا هەیە لە بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا.

**ئەگەر ئۆباما سەربکەوێت سیناتۆر بایدن پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا**

*** شارەزاو چاودێران پێیان وایە دیموکراتەکان خاوەنی تێڕوانینێکی واقیعیترن لە کۆمارییەکان، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی سیناتۆر بایدن خاوەنی پلانی (B)یە کە هەوڵی جێگیرکردنی فیدراڵیزم دەدات لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە پێت وایە ئۆباما سیاسەتی سیناتۆر بایدن دەخاتە واری جێبەجێکردنەوە؟**

- ئەوە ئەگەرێکە زۆر، رێی تێدەچێت، لەبەر ئەوەی سیناتۆر بایدن پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکا ئەگەر سیناتۆر ئۆباما لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەوکاتە سیناتۆر بایدن لە پێگەیەکدا دەبێت بۆ ئەوەی فشار بکات تاوەکو تێڕوانینی خۆی لە ئاست عێراقدا بکاتە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئەو وڵاتەدا.

**ئێستا سەرۆک بۆش سەرکەوتنی لە عێراقدا پێناسە کردۆتەوە**

***هەندێ لە چاودێران پێیانوایە دەبێت ئیدارەی ئەمەریکا پلانێکی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە عێراقدا، یاخود بە لای کەمەوە دەبێت شتێك بکات بۆ ئەوەی خۆی لە شکست بپارێزێت؟**

- ئێوە خاڵێکی زۆرباشتان ورووژاند، لەبەر ئەوەی لە واقیعدا سەرۆك بۆش هەڵساوە بە دووبارە پێناسەکردنەوەی سەرکەوتن لە عێراقدا، کاتێك ئەم ئەرکە دەستپێکرد ئامانجەکە خوڵقاندنی عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراسی و عەلمانی بوو لەسەر مۆدێلی رۆژئاوا، ئەوەش دەبووە سەرەتایەك بۆ گۆڕینی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بەڵام ئێستا ئەوە روونە کە بەم زووانە عێراق بەو دەرئەنجامە ناگات. حاڵی حازر پێناسەی ئیدارەی سەرۆك بۆش بۆ سەرکەوتن ئەوەیە، ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کشانەوە، ئەوا عێراق تا رادەیەك دیموکراتی دەبێت، یەکگرتوو دەبێت، ئەگەرچی دەسەڵاتیش بە نامەرکەزی بکرێت. هەروەها دەسەڵاتێکی زۆر بە هەرێمەکان بدرێت و توندوتیژی سەرهەڵنەداتەوە کاتێك ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵێت. ئایا ئیدارەی ئێستا دەتوانێت ئەو ئامانجە بهێنێتەدی، ئەوا هێشتا روون نییە، ئەگەرچی ئاستی توندوتیژی داکشانی بەخۆوە بینیووە، بەڵام هێشتا بارودۆخەکە لەرزۆکە، هێشتا روون نییە کە هەر سیاسەتێك لە عێراقدا بگیرێتەبەر ئەو دەرئەنجامە بەدەست دەهێنێت کە دەتوانین بە سەرکەوتنی لە قەڵەم بدرێت لە لایەن زۆرینەی هاووڵاتییانی ئەمەریکاوە.

**ئەگەر پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان باشتر ببێت ئەمەریکا دەتوانێت ئاسانتر سیاسەتی خۆی لەو ناوچەیەدا پیادە بکات**

***واتە ئەو گۆڕانکارییەی لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دەبینین،پەیوەندی بەو پێناسەی تازەیەی سەرۆك بۆشەوە هەیە کە بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا کردوویەتییەوە؟**

- پێدەچێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەیکا هەوڵی راگرتنی هاوسەنگی بدات، لەبەر ئەوەی پشتگیری حکومەتی مەرکەزی عێراق دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا کۆشش دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندیگەلێکی چڕوپڕ و دۆستانە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی روونە تورکیا کێشەگەلێکی زۆر بۆ سیاسەتی ئەمەریکا دەخوڵقێنێت، لەبەر ئەوە ئەمەریکا هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی نزیك و دۆستانەی هەبێت لەگەڵ ئەنقەرەدا. ئەگەر پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان باشتر ببێت، ئەوا ئەمەریکا دەتوانێت ئاسانتر سیاسەتی خۆی لەو ناوچەیەدا پیادە بکات. رەنگە گۆڕانێك لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی سەرکردە سیاسییەکانی تورکیادا رووی دابێت، لەبەر ئەوەی هەندێ بۆچوون سەریان هەڵداوە کە پێیان وایە بوونی کوردستانێکی بەهێز لە عێراقدا رەنگە سوود بە تورکیا بگەیەنێت، کە دەکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە بەربەستێك لەنێوان ناوچەکانی دیکەی عێراق کە ئەگەر ئەوەیان لێدەکرێت توندوتیژی تێیاندا هەڵکشێت و تورکیا. پێدەچێت هەڵوێستی دوژمنکارانەی تورکیا لە ئاست هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی ئەو هەرێمەدا خاوبووبێتەوە.

**بۆ ئەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران سەرکەوتوو بێت تەنها رێگە ئەوەیە ئەمەریکا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێزبکات**

*** سەبارەت بە ئێران ئایا پشتگیری ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان تاچەند لە بەرژەوەندی سیاسەتی ئەمەریکایە بەرامبەر بە ئێران؟**

- ئەمەریکا بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە دەبێت پشتگیری خۆی بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بکات، لەبەر ئەوەی رەنگە ئەوەی بە سەرکەوتن دادەنرێت لە عێراقدا بریتی بێت لە حکومەتێکی عێراقی کە شیعەکان زاڵبن بە سەریدا کە دۆستی ئێران بێت، ئەو کاتە دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا زیاد دەکات. من نازانم هەڵوێست و کاردانەوەی ئەمەریکا چی دەبێت لەو کاتەدا، ئایا درێژە بە داگیرکارییەکی درێژخایەنی عێراق دەدات، کە ئەمەش لە لایەن هاووڵاتییانی ئەمەریکاوە پشتگیری لێناکرێت. ئەگەر دەستڕۆیشتوویی ئێران لە هەڵکشاندابێت لە عێراق، ئەوا رەنگە تاکە رێگاچارەی ئەمەریکا بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ئەم بابەتە دەبێتە جێی مشتومڕێکی گەورە لە ئەمەریکا، بە چاوپۆشین لەوەی چ پاڵێوراوێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکادا.

**بە دڵنیاییەوە سەرۆک بۆش خوازیارە کێشەی کەرکووک بۆ ئیدارەی داهاتوو جێبهێڵێت**

***بەڵام بەبێ پشتگیری ئەمەریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك، کورد وەك پێویست ناتوانێت پشتگیری سیاسەتی ئەمەریکا بکات، ئایا ئەمەریکا تاچەند لەم کێشەیەدا هاوکاری کورد دەکات ؟**

- من پێم وایە هەموو بەرپرسەکانی ئەمەریکا خوازیاری دواخستنی بڕیاردانن لەسەر کێشەی کەرکووك، بە دڵنیاییەوە سەرۆك بۆش خوازیارە ئەم کێشەیە بۆ ئیدارەی داهاتوو جێبهێڵێت. لەبەر ئەوەی نیگەرانن لەوەی دەرئەنجامی یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە، هەرچییەك بێت، ئەوا گیروگرفت بۆ ئەمەریکا و حکومەتی عێراق دروست دەکات. ئەگەرچی هەندێ جار ئەمەریکا دەکەوێتە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی روون و دیاریکراوی هەبێت لە ئاست ئەو کێشەیەدا.

*** کەواتە ئەگەری سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا لە دووڕپاندایە، گریمان سیاسەتی ئەمەریکا کارەساتی بەسەر هات، ئایا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی لێدێت ؟**

-ئەوە دەبێتە شکست نەك کارەسات، بە دڵنیاییەوە لەوکاتەدا پێگە و دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا پاشەکشە دەکات و گورزی بەردەکەوێت. بەڵام ئەمەریکا وڵاتێکی زۆر بەهێزە هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سەربازییەوە، بە چەشنێك ئەگەر بڕیاری بەکارهێنانی ئەو هێزە بدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا هێز و دەستڕۆیشتوویەکی زۆری دەبێت لەو ناوچەیەدا بەڵام شکستی ئەمەریکا لە عێراقدا ناسەقامگیری و پشێوی لێدەکەوێتەوە لەو ناوچەیەدا.

●●●

**ئۆباما هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کردووە کە ئەگەر بە سەرۆکی ئەمەریکا هەڵبژێردرێت ئەوا لە ماوەی شانزە مانگدا هێزە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکشێنێتەوە**

●●●

●●●

**جۆن مەککاین رایگەیاندووە کە تاوەکو بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە درێژە بە شەڕ دەدات و دواتر بۆ ماوەیەکی دووردرێژ هێزەکانی لە عێراقدا جێگیر دەکات کە رەنگە چەند دەیەیەک بخایەنێت**

●●●

●●●

**سیناتۆر بایدن پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەگەر سیناتۆر ئۆباما لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن**

●●●

●●●

**ئەمەریکا بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە دەبێت پشتگیری خۆی بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بکات، لەبەر ئەوەی رەنگە ئەوەی بە سەرکەوتن دادەنرێت لە عێراقدا بریتی بێت لە حکومەتێکی عێراقی کە شیعەکان زاڵبن بە سەریدا کە دۆستی ئێران بێت**

●●●



**پرۆفیسۆر ئیدوارد ۆڵکەری، یەکێکە لە شرۆڤەوان و پسپۆرە دیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا سیاسەتی نێودەوڵەتی، ڤۆلکەر بەڕێوەبەری سەنتەری بێرکلی یە(Berkeley) بۆ پرۆگرامەکانی سۆڤیەت و چەندین کتێب و دیراساتی هەیە لەوانە: سەرورەیی و لەبەر یەکهەڵشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، لەسەر بارودۆخی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش چەندین توێژینەوە و دیراساتی هەیە و بەردەوامیش لە میدیاکانی ئەمەریکادا دەنووسێت، سەبارەت ئایندەی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی داهاتووی ئەمەریکا و رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

## پرۆفیسۆر ئیدوارد ۆڵکەر بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی بێرکلی بۆ دیراساتی ستراتیژی بۆ گوڵان:

# سەرۆکی داهاتوو ئۆباما بێت یان مەککاین دەبێت پابەندبێت بە پاراستنی هەرێمی کوردستانەوە

**ئۆباما خوازیاری ئەوەیە کشانەوەی هێزەکانە رەنگە گۆڕانێکی گەورە رووبدات و بێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی ئۆباما**

***هەروەك چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا، سەرۆك بۆش کۆشکی سپی بەجێ بهێڵێت و سەرۆکی نوێ دەست بەکار بێت کە ئەگەری زۆر ئەوەیە باراك ئۆباما سەرکەوتن بەدەست بهێنێت نەك جۆن مەککاین، هەروەك دەزانین ئۆباما لە سالانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣دا دژی شەڕی ئەمەریکا هەڵوێستی وەرگرت کە لە دژی عێراق بەرپای کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئۆباما سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ببێتە سەرۆکی داهاتوی ئەمەریکا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- کەس نازانێت چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات بە چاوپۆشین لەوەی ئۆباما یان مەککاین دەبێتە سەرۆکی داهاتوی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی ناکرێت لە بارودۆخی شەڕدا بە دڵنیاییەوە رەوتی رووداوەکان لە داهاتوودا دیار و دەستنیشان بکەیت. هەڵویستی ئۆباما روونە کە خوازیاری کشاندنەوەی هەموو هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا، کە من پێم وایە هەموو هەوڵەکان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە دەخاتەگەڕ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەوەشی روون کردۆتەوە کە رەنگە هەل و مەرجەکە ئەم ئەرکە ئالۆزبکات. کەس بە دڵنیاییەوە نازانێت ئۆباما بە چ رەوتێکی خێرا هێزەکان دەکشێنێتەوە، هەرچەندە رەنگە گۆڕانێکی گەورە رووبدات کە بێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی ئۆباما، بۆ نموونە ئەگەر شەڕ و رووبەڕوبونەوە لەگەڵ ئێراندا روویدا، یاخود ئەگەر ئێران پتر دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا کرد، یاخود ئەگەر ئێران بومبێکی ئەتۆمی تەقاندەوە.

کەس لەوە دڵنیا نییە ئایا بە کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق ناکۆکی و شەڕی نێوان شیعە و سوننەکان بەرەو هەڵکشان دەچێت یان نا، یاخود وڵاتەکە دەخزێتە شەڕێکی ناوخۆییەوە، یاخود حکومەتی مالیکی هەرەس دەهێنێت.

**نابێت ئۆباما وردەکارییەکانی سیاسەتی خۆی بەرامبەر عێراق ئاشکرا بکات**

***هەروەك دەزانین تا ئێستا بەڕێز ئۆباما سیاسەتێکی روون نییە بەرامبەر عێراق، پێت وانییە کاتی ئەوە هاتووە کە سیاسەت و ئەجێندای خۆی ئاشکرا بکات بەرامبەر عێراق؟**

- بە پێچەوانەوە من پێم وایە ئۆباما تێڕوانینی گشتی خۆی ئاشکرا کردووە، کە بریتییە لە کۆتایی هێنان بە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ئەوەش کارێکی راست و دروستە کە ووردەکارییەکان دیاری نەکەیت، لەبەر ئەوەی ناکرێت بەڵێنی کۆنکرێتی بدەیت و رای بگەیەنیت کە تا هەتایە لە عێراقدا دەمێنمەوە، یان تا بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە عێراقدا دەمێنمەوە، یان دەست بە جێ لە عێراق دەکشێمەوە، ئەمانە لێدوانگەلێکی عەمەلی نین. بۆ نموونە، ئەگەر ئۆباما لە سەرۆکایەتیدا بوو و سەرقاڵی کشاندنەوەی هێزەکان بێت لە عێراق، بەڵام توندوتیژییەکی بەربڵاو سەری هەڵدا، ئەوا دەبێت رەوتی کشاندنەوەکە پێچەوانە بکاتەوە، یان رای بگرێت. هەر بۆیە نابێت ئۆباما لەوە ووردتر بێت، لەبەر ئەوەی وەك بەڵێن لێی وەردەگیرێت و ئەوا کاتە دەبێتە ئیلتیزامێك کە دەبێت جێبەجێی بکات، بە چاوپۆشین لەوەی چ گۆڕانکارییەك لە سەر ئەرزی واقیع روودەدات.

**سەرۆکی داهاتوو هەرکەسێک بێت درێژە بە جۆرێک لە**

## پابەندبوون دەدات بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا

*** شارەزاو و چاودێران پێیان وایە دیموکراتەکان خاوەنی تێڕوانینیکی واقیعیترن لە کۆمارییەکان، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی سیناتۆر بایدن خاوەنی پلانی (B)یە کە هەوڵی جێگیرکردنی فیدراڵیزم دەدات لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە پێت وایە ئۆباما سیاسەتی سیناتۆر بایدن دەخاتە واری جێبەجێکردنەوە؟**

- من پێم وایە ئەگەر بارووداۆخەکە بەرەو خراپتر نەچێت و رووداوی گەورە روونەدات، ئەوا دەست بە کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکان دەکات و درێژە بە پەیوەندی رەسمی و هاوکاری کردنی حکومەتی مالیکی دەدات. ئەگەر ئاستی توندوتیژی فراوانتر نەبوو، یان شەڕی ناوخۆی هەڵنەگیرسا، ئەوا ڕێگە بە عێراقییەکان دەدات بۆ ئەوەی کاروباری ناوخۆی خۆیان رێك بخەنەوە. بەڵام هەر ئیدارەیەك لە سەرۆکایەتی ئەمەریکادا بێت، ئەوا درێژە بە جۆرێك لە پابەندبوون دەدات بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا. هەروەها من پێم وایە هیچ سەرۆکێکی ئەمەریکا ڕێگە بە حکومەتی مەرکەزی نادات سوپا بۆ کوردستان بنێرێت، یان دەسەڵاتەکانی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت کە پێچەوانەبێت لەگەڵ خواستی کوردستانییەکاندا.

## باشترین کارێک لەم بارودۆخەکەدا پێمان بکرێت ئەوەیە ئومێدی باشترین دەرئەنجام بکەین و خۆمان بۆ خراپترین دەرئەنجام ئامادە بکەین

***هەندێ لە چاودێران پێیان وایە ئیدارەی ئەمەریکا، دیموکراتی بێت یان کۆماری، پێویستە دووبارە پێناسەی سەرکەوتن بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەی پێی دەڵێن سەرکەوتن هەموو شتێکە تەنیا سەرکەوتن نەبێت، پێت وانییە دەبێت ئیدارەی ئەمەریکا پلانێکی هەبێت بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە عێراقدا، یاخود بە لای کەمەوە دەبێت شتێك بکات بۆ ئەوەی خۆی لە شکست بپارێزێت؟**

-باشترین کارێك لەم بارودۆخەکەدا پێمان بکرێت، ئەوەیە ئومێدی باشترین دەرئەنجام بکەین و خۆمان بۆ خراپترین دەرئەنجام ئامادە بکەین. حاڵی حازر تەنیا دوو پلان هەیە، پلانی یەکەم ئایا ستراتیژییەتی زیادکردنی ژمارەی هێزەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ پاشەکشەپێکردنی هێزەکان بڕەخسێنێت، پلانی دووەم ئایا دەست بە جێ دەست بە کشانەوە بکرێت.

## ئاشتەوایی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات

*** تورکیا لەسەروبەندی ئەوەدایە لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان تێبگات، ئەمەش بە مانای راماڵینی ئاستەنگەکان دێت لە بەردەم ئەمەریکادا، ئایا ئێمە لە پێگەیەکداین کە پێشبینی ئەوە بکەین سیاسەتی ئەمەریکا لە پشتگیری کردنی هەرێمی کوردستاندا زیاتر بێت بە بەراورد بە رابردوو؟**

- من دڵنیانیم، بەڵام پێم وایە ئەمەریکا درێژە بە پشتگیری کردنی کوردستان دەدات و هەموو هەوڵێك دەخاتەگەڕ بۆ رەواندنەوە و هێورکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان. نزیکبونەوە و ئاشتەوایی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات، لەبەر ئەوەی هەردولایان هاوپەیمانی ئەمەریکان و هەر ناکۆکییەکی گەورە لە نێوانیاندا مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە رووی سیاسییەوە زەحمەت دەبێت. هەر لە دوای شەڕەکەوە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەبووە کە هیچ لایەکیان رەفتارێکی ئیستفزازی لە دژی یەکتر نەکەن، هەروەها ئەمەریکا هەوڵی داوە بۆ ئەوەی تورکیا پاشگەز بکاتەوە لە ئەنجامدانی هەر سنووربەزاندن و لەشکرکێشیەك لە بەرامبەر هەر کردەوەیەك کە تورکیا بە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە قەڵەم بدات. لەبەر ئەوەی هەر لەشکرکێشیەکی بەربڵاو بۆ سەر کوردستان لە لایەن تورکیاوە دەرئەنجامی خراپی بۆ ئێمە لێدەکەوێتەوە، چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لە نێوان کوردستان و تورکیا لە بەرژەوەندی ئەمەریکایە.

## دڵنیام ئەمەریکا پشتگیری لە کورد دەکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ناسەقامگیر نەبێت

***ئەگەر ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا هەڕەشە و مەترسی ئێران لە عێراقدا کەم دەبێتەوە، یەکێك لە هۆکارە دیارەکانی سەرکەوتنی ئەمەریکا لە عێراق پشتگیرکردنە لە کوردەکان، ئایا پشتگیری کردنی ئەمەریکا لە کوردەکان خزمەت بە بەرژەوندیەکانی ئەمەریکا ناکات؟**

- بەڵی من پێم وایە، پشتگیرکردنی کوردەکان گرنگی خۆی هەیە و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات، من پێم وایە ئەمەریکا درێژە بە پابەندبوونی خۆی دەدات بۆ یارمەتیدانی کوردەکان. بەڵام ئاستی ئەو یارمەتییە چەندە من دڵنیانیم، لەبەر ئەوەی ئەگەر تورکیا هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان من نازانم ئەمەریکا چ کاردانەوەیەکی دەبێت. یاخود ئەگەر حکومەتی عێراقی سوپای رەوانەکرد بۆ سەر کوردستان بۆ سەرکوتکردنی هێزی پێشمەرگە، نازانم ئەمەریکا چ هەڵوێستێکی دەبێت. ئەوەش تەنگژەیەکی ئاڵۆز بۆ ئەمەریکا دروست دەکات، من هیوادارام درێژە بە پشتگیری کوردەکان بدات و من دڵنیام پشتگیری ئۆتۆنۆمی کوردەکان دەکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ناسەقامگیر نەبێت.

***-مەسەلەی ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە و کێشەی کەرکوك سەختترین کێشەکانی کوردن و کوردیش سازش لەسەر ئەم کێشەیە ناکەن. بەڵام کوردەکان پێدەنگن لەبەر ئەوەی دەستووری عێراقی میکانیزمێکی دیاری کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ئایا تا چەند ئەمەریکا یارمەتیدەر دەبێت لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا؟**

- من پێم وایە دەستڕویشتۆیی ئەمەریکا لە پاشەکشەیەدایە، گرنگ نییە ئۆباما سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت یان مەککاین، هێزە دەرەکییەکان ناتوانن رۆڵێکی گەورە ببینن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا، تەنیا دەتوانین ئومێدی ئەوە بکەین کە خەڵکی عێراق بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئەو کێشەیە یەکلابکەنەوە، ئەمەریکییەکان پشتگیری لە گفتوگۆ دەکەن بۆ ئەوەی شەڕ و توندوتیژی لەسەر ئەو کێشەیە نەخولقێت.

## کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق و سەرنەکەوتنی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕویشتووی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا


***ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق شکست بهێنێت، ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی دەبێت؟**

- رەنگە ئەمەریکیەکان شەڕی عێراق بە ئەرکێکی پڕ لە کارەسات وەسف بکەن، من لەو باوەڕدانیم دەستەواژەی شکست بەکاربهێنن، بەڵام کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق و سەرنەکەوتنی لەو لاتەدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتویی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ داکشانی دستڕۆیشتویی و ئەوەی پێی دەڵێن هەیمەنەی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان. واتە حاڵەتی باڵادەست بوونی هێزێکی باڵا بە سەر جیهاندا کۆتایی پێدێت و ئەو کاتەش ئەمەریکا وەك تاکە هێزی باڵادەست نامێنیتەوە و بۆ هینانەدی بەرژەوەندیەکانی پەنا بۆ شێوازە دیبلۆماسیە تەقلیدییەکان دەبات تەنیا لە حاڵەتی زۆر پێویستدا نەبێت هێزی سەربازی بەکار ناهێنێت.

پێم وایە هیچ سەرۆکێکی ئەمەریکا ڕێگە بە حکومەتی مەرکەزی نادات سوپا بۆ کوردستان بنێرێت، یان دەسەڵاتەکانی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت

نزیکبونەوە و ئاشتەوایی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات، لەبەر ئەوەی هەردولایان هاوپەیمانی ئەمەریکان و هەر ناکۆکییەکی گەورە لە نێوانیاندا مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە رووی سیاسییەوە زەحمەت دەبێت

پشتگیرکردنی کوردەکان گرنگی خۆی هەیە و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات، من پێم وایە ئەمەریکا درێژە بە پابەندبوونی خۆی دەدات بۆ یارمەتیدانی کوردەکان



**پرۆفیسۆر واین بۆین، کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس وێسترن لە ئەمەریکا، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی نازی و فاشی و سیستەمی نوێی جیهان.**

**پرۆفیسۆر بۆین چەندین جار سەردانی عێراقی کردووە، وەك لەم دیدارەدا بۆ گوڵانی رایگەیاندووە هەموو کات ئەوەی لێ دووپاتکراوەتەوە کە عێراق وەك وڵاتێکی یەکپارچە پێشانی رای گشتی جیهان بدات، بەڵام ئەو واقیعەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بینیویەتی واقعێکی پێچەوانەیە.**

**سەبارەت بە ئەگەری سەردانی پاڵێوراو باراك ئۆباما بۆ عێراق و چۆنییەتی تێڕوانین و سیاسەتی بەرامبەر بە عێراق پرۆفیسۆر بۆین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

**پرۆفیسۆر واین بۆین ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی نورس وێسترن بۆ گوڵان:**

# پێدەچێت ئۆباما ئاگاداری واقیعی عێراق نەبێت، بۆیە پێویستە سەردانی عێراق بکات

**هیوادارم ئۆباما سەردانی عێراق بکات پێدەچێت باش ئاگاداری بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع نەبێ لە عێراقدا**

*** ئۆباما یەکێکە لە پاڵێوراوانەی کە چاوەڕێ دەکرێت دوای شەش مانگی دیکە کۆشکی سپی پێشوازی لێبکات، بەڵام تائێستا سیاسەتێکی روونی بەرامبەر عیراق نییە، ئایا بەڕای تۆ ئەمە تاکتیکە یان بێئاگاییە؟**

- لە راستیدا من زۆر نیگەرانم لە لێدوان و تێڕوانینەکانی ئۆباما، لەبەر ئەوەی پێدەچێت باش ئاگاداری بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع نەبێ لە عێراقدا، کە من هیوادارام سەردانی عێراق بکات، هەروەها ئومێدەوارم سەردانی کوردستانیش بکات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هەل و مەرجەکە هەڵسەنگێنێت و هەڵوێست و تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت. من نیگەرانم لەوەی ئەگەر ئۆباما بە سەرۆك هەڵبژێردرا دەست لە عێراق هەڵبگرێت و تیرۆریستان زاڵ بن بەسەر ئەو وڵاتەدا.
ئەوەی تا ئێستا ئۆباما رایگەیاندووە ئەوەیە کە لە هەر مانگێکدا لیوایەك دەکشێنێتەوە، بەڵام من پێم وایە ئەو پلانە کارەساتی لێدەکەوێتەوە و شکست دەهێنێت، من هیوادارام ئۆباما سەردانی عێراق بکات بۆ ئەوەی ئەو راستییەی بۆ دەرکەوێت کە لەو وڵاتەدا (عێراق) ئایندە هەیە و بارودۆخی ئاسایش باشتر بووە و خەڵکی عێراق پتر لە یەك نزیك بوونەتەوە. بۆ ئەوەی هەڵوێست و گۆشەنیگای خۆی بگۆڕێت.

*** ئۆباما ئەگەر خۆشی ئاگاداری سەر ئەرزی واقیعی عێراق نەبێت، ئەوا لەناو دیموکراتەکان کەسانی وەك جوزیف بایدن هەیە کە زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری باردۆخی عێراقە، ئایا پێت وانییە ئۆباما پلانەکەی بایدن جێبەجێ بکات ؟**

- من هیوادارم جێبەجێی نەکات، لەبەر ئەوەی دابەشکردنی عێراق بیرۆکەیەکی باش نییە و پێویستە یەکێتی عێراق بپارێزرێت، لەبەر ئەوەی سنوورەکانی پێکهاتەکانی عێراق دیار نین و رەنگە بە پێی پلانەکەی بایدن ناوچەگەلێك بکەونە ژێر دەسەڵاتی سونەکانەوە کە کوردی تێدا نێشتەجێ بن، یاخود رەنگە شیعەی تێدا نیشتەجێبن و بە پێچەوانەوە، ئەوەش پشێوی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە پێم وایە پاراستنی یەکێتی عێراق دەبێتە هۆی پاراستنی خەڵکی عێراق و هێنانەدی بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

## دەبێت هەڵبستین بە پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان

*** ئەوەی ئێستا ئەمەریکا پێی دەڵێت سەرکەوتن هەموو شتێکە تەنها سەرکەوتن نەبێت، پێت وانییە دەبێت ئیدارەی ئەمەریکا پلانێکی هەبێت بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە عێراقدا، یاخود بە لای کەمەوە دەبێت شتێك بکات بۆ ئەوەی خۆی لە شکست**

**بپارێزێت؟**

- ڕەنگە ئەم لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە بۆ ساڵێك یان دوو ساڵ پێش ئێستا ڕاست و دروست بێت، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ڕەوتی توندوتیژی لە هەڵکشاندا بوو، ڕۆژانە تەقینەوەی خۆکوژی ئەنجام دەدرا، بەڵام لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا بە هۆی زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا و باشتربوونی ئەدای هێزەکانی عێراق و بەدی هاتنی بەرەوپێشچوون لە عێراق و لە کوردستاندا، کە دەکرێت ببنە بناخەی ئومێد بە ئایندە، هەلومەرجەکە گۆڕاوە، کە دەبێت هەڵبستین بە پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان. من پێم وایە نابێت ئەمەریکییەکان ئەوە بۆ عێراقییەکان دیاری بکەن چی بکەن و چی نەکەن، بەڵکو دەبێت دەرفەت و ئازادی بە عێراقییەکان بدرێت بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار بدەن و خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

*** تورکیا لە سەروبەندی ئەوەدایە لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان تێبگات، ئایا ئێمە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین سیاسەتی ئەمەریکا لە پشتگیری کردنی هەرێمی کوردستاندا زیاتر بێت بە بەراورد بە ڕابردوو؟**

- پێشتر ئەمەریکا پشتگیری هەرێمی کوردستانی کردووە و من ئێستا خۆشحاڵم تورکیا وەك هاوپەیمانێك لە هەرێمی کوردستان بڕوانێت و خوازیار بێت وەك شەریکێکی باش مامەڵەی لە گەڵدا بکات، من پێم وایە ئەمەریکییەکان دەترسن دان بە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستاندا بنێن، لەبەر ئەوەی کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٤ لە عێراق بووم، هەمیشە پێیان دەگوتم کە دەبێت باسی گەلی عێراقی بکەیت و ئاڵای عێراق پیشان بدەیت، بەڵام ئێستا کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە بەشێکی بەهێز بێت لە عێراق، کە ڕەنگە بەهێزترین بەشیش بێت، ئەوا دەبێت ئەمەریکیەکانیش ئەو تەحەفوزەی خۆیان بگۆڕن، ئەم هەنگاوەی تورکیاش ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامێکی باشی دەبێت بۆ ئەمەریکا و تورکیا و هەرێمی کوردستان.

هەربۆیە من لە گەڵ پشتگیریکردنی کوردستاندام لە چوارچێوەی عێراقدا، کە پێم وایە دەبێت هەڵبستین بە پەرپێدانی پەیوەندییە ئابووری و پەروەردەییەکان لە گەڵ ئەو هەرێمەدا. بوونی عێراقێکی بەهێز دەبێتە پارسەنگێك بۆ ئێران، کە بە دڵنیاییەوە کوردستانێکی بەهێز دەبێت هۆی دروستبوونی عێراقێکی بەهێز.

## ئەگەر کورد لە حکومەتی عێراق بکشێتەوە حکومەتەکەی مالیکی دەڕووخێت.

*** کێشەی کەرکوك لە سەختترین کێشەکانی کوردن و کورد سازش لەسەر ئەم کێشەیە ناکات. بەڵام کوردەکان پێدەنگن لەبەر ئەوەی دەستووری عێراقی میکانیزمێکی دیاری کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ئایا تا چەند ئەمەریکا پارمەتیدەر دەبێت لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن ڕاستە، لەبەر ئەوەی دەستوور چۆنییەتی یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی دیاری کردووە لە ڕێی ئەنجامدانی ڕاپرسییەوە، کوردەکان سەنگ و هێزێکی زۆریان هەیە لە ناو حکومەتی عێراقدا، بۆ نموونە سەرۆك کۆمار کوردە، وەزیری دەرەوەی کوردە، بە چەشنێك ئەگەر کوردەکان لە حکومەتی عێراق بکشێنەوە، حکومەتەکەی مالیکی دەڕووخێت. کە ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێك بۆ هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە کوردەکان دەتوانن ئەو دەسەڵاتە لە حکومەت و پەرلەمانی عێراقیدا بەکار بهێنن. لەبەر ئەوەی کوردەکان بەشداریان لە هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکومەتی عێراقیدا کردووە، ئەوا دەتوانن ئەو حکومەتە ناچار بکەن کە دەستوور و یاساکان جێبەجێبکات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو دەنگدانە لە سەر کێشەی کەرکوك دەکرێت، هەرچەندە ڕەنگە دوابخرێت، گفتوگۆ لە سەر چۆنییەتی ئەنجامدانی بکرێت، یان چاودێری دەرەکی بهێنرێتە ناو پرۆسەکەوە، من پێم وایە کات لە بەرژەوەندی کوردەکانە، لەبەر ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژی کەرکوك زیاتر سیمایەکی کوردانە وەردەگرێت و من پێم وایە لە کۆتاییدا ئەو شارە دەبێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، بەڵام پێویستە مافی کەمینەکانی ئەو شارەش بپارێزرێت کە کوردەکانیش سەلماندوویانە لە هەر لایەنێکی تر باشتر دەتوانن مافی کەمینەکان دەپارێزن، بۆ نموونە تورکمان و مەسیحی و شیعە و سوننەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە کوردستاندا دەژین، بە تێڕوانینی من کوردەکان دەتوانن وابکەن ئەو ڕاپرسییە ئەنجام بدرێت و دەرئەنجامی ڕاپرسییەکەش ئەوەیە ئەو شارە دەبێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان.

## شکستهێنانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەبێتە هۆی کارەسات لە ناوچەکەدا

*** ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق شکست بهێنێت، ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی دەبێت؟**

- من پێم وایە شکست هێنانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەبێتە هۆی کارەسات لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەمەریکا پشتگیری لە دۆستەکانی ناکات، پشتگیری لە دیموکراسی ناکات، بە تایبەتی کە عێراقییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی دەنگ بدەن، هەروەها ئەمەریکا چەند هەزار سەربازێکی لە عێراقدا لە دەست داوە و لە ڕووی داراییەوە بارێکی گرانی کەوتۆتە ئەستۆ، لەبەر ئەوە کشانەوە لەم کاتەدا کە خەریکە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئەو دەسەلمێنێت کە ئەمەریکا پشتگیری لە سیاسەتە سەرکەوتووەکانی خۆی ناکات. هەر بۆیە ئەگەر دەست لە عێراق و عێراقیەکان هەڵبگرین لەم کاتەدا ئەوا دەبێت بۆ ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوو باجی ئەم بڕیارە هەڵە و خراپە بدەین. من پێم وایە هەر کەسێك ببێتە سەرۆکی داهاتوی ئەمەریکا پشتگیری لە دیموکراسی و بەرنگاربونەوەی تیرۆر و یارمەتیدانی عێراقییەکان دەکات بۆ ئەوەی بڕیاری لە ئایندەی خۆیان بدەن. کە دەبێت ئەوانە بنەمای سەرەکی سیاسەتی ئێمە بن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڵوێستی جۆن مەککاین پشتگیری کردنی خەڵکی عێراقە، پشتگیرکردنی خەڵکی کوردستانە، کە من هیوادارم ئۆباما هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و سیاسەتێکی باشتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەبەر.

**نیگەرانم لەوەی ئەگەر ئۆباما بە سەرۆك هەڵبژێردرا دەست لە عێراق هەڵبگرێت و تیرۆریستان زاڵ بن بەسەر ئەو وڵاتەدا**

**ڕۆژ بە ڕۆژی کەرکوك زیاتر سیمایەکی کوردانە وەردەگرێت و من پێم وایە لە کۆتاییدا ئەو شارە دەبێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان**

**هەڵوێستی جۆن مەککاین پشتگیری کردنی خەڵکی عێراقە، پشتگیرکردنی خەڵکی کوردستانە**

# سەردانی ئەردۆگان بۆ بەغدا هەنگاوێک بەئاراستەی

سەردانی رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك وەزیرانی توركیا دوای ١٨ سـاڵ دابڕان، بێگومان سـەردانێكی گرنگە، بەسەرەتایەكی باش دادەدنرێت بۆ كردنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان بەغداو ئەنقەرە هەروەها ئاماژەیەكە بۆ لێكگەیشتنی زیاتری نێوان ئەنقەرەو هەولێر.

لەوانەیە جیاوازی نێوان سیاسـەتی راشكاوانەی هەولێرو ئەنقەرە لەو خاڵەدا بەجەستە بێت، كە حكومەتی هەرێمی كوردسـتان توانیوویەتی بەشـێوەیەكی لۆژیكانە بایەخ و گرنگی دەوڵەتی توركیا بۆ عێراق و كوردسـتان لەڕای گشتی كوردسـتان بگەیەنێت، بەڵام حكومەتی ئەنقەرە هەتا ئێستا بەم ئاراستەیە نەیانتوانیووە رای گشتی توركیا بگەیەنێتە قەناعەت كە بایەخی هەرێمی كوردسـتان وەك هەرێمێكی فیدراڵی لە عێراقدا بۆ توركیا چەند گرنگە. تا ئێستا حكومەتی ئەنقەرە نەیتوانیووە راشكاوانە بەخەڵكی خۆی بڵێت، بارودۆخی تازەی عێراق، بارودۆخی سەردەمی سەدام حوسـێن نییە، ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت لەناو عێراق هەرێمێك دراوسـێمانە ئەویش هەرێمی كوردستانی عێراقەو بەبێ رەزامەنـدی ئەم هەرێمە هەر رێككەوتنێك لەگەڵ بەغـدا گرێ بدەین تەنها وەك مەرەكەبی سـەر كاغەز دەمێنێتەوە.

بـەڵام حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان توانیویەتی بەڕای گشـتی خۆی بڵێت حكومەتـی فیدراڵی بەغدا هـەر رێككەوتنێك ئیمزا بـكا بەمەرجێ لە چوارچێوەی دەستووری یاساكانی عێراق دەرنەچێت، هەرێمی كوردستان بەشـێكە لەو رێككەوتنەو ئەوەی پێی بكرێت ئاسانكاری بۆ سەركەوتنەكەی دەكات.

ئەوانـەی وەك خۆی واقیعی عێراق و كوردسـتان لەناو واقیعی عێراقدا دەخوێننەوە هەست دەكەن بەبێ هاریكاری حكومەتـی هەرێمی كوردسـتان بەبێ ئاسـایبوونەوەی پەیوەندییەكانی نێوان هەولێر و ئەنقەرەدا، پەیوەندییەكانی نێـوان بەغـدا و ئەنقەرە ئەگەر ئاسـایش بێـت هەر بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە.

ئاماژەكردن بەم جیاوازیانەی سیاسـەتی هەولێر لەگەڵ ئەنقەردا بەو ئاراستەیە نییە كەبمانەوێت پەلار لەسیاسەتی



# لێکتێگەیەشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان بەدیالۆگ

حکومەتی ئەردۆگان دەگرین، بەڵکو دەمانەوێت زیاتر هاریکاری حکومەتی تورکیا بکەین بۆ ئەوەی هەرچی زووترە ئەو واقیعەی عێراق و هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع هەیە پیشانی رای گشتی تورکیا بدات.

ئێمە دەزانین ئێستا بارودۆخی پارتی دادوگەشەپێدان کە حزبی دەسەڵاتدارە لەتورکیا لەوپەڕی خراپیدایەو،وەك مەحەمەد عەلی بیراند بەم راپۆتەی گوڵانی راگەیاندووە پێشبینی دەکرێت چالاکی سیاسی پارتی دادوگەشەپێدان لەلایەن دادگای تورکیاوە قەدەغەبکرێت و پارتێکی دیکەو بەناوێکی دیکە دادەمەزرێنن، بێگومان لەم حاڵەتەدا گلەیی لەسەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدان ناکرێت کە ئێستا سەرۆك وەزیرانی تورکیایە موجازەفەی گەورە بکات.

هەروەها دەزانین هەتا ئێستاش سیاسەتی حکومەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای تورکیاوە ئاستەنگی گەورەی دەخرێتە بەردەم و نایانەوێت ئەو واقیعە قبوڵ بکەن کە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لەچوارچێوەی عێراق و ئەم هەرێمە بەپێی دەستووری عێراق جێگر بووەو شەرعیەتی وەرگرتووە و دەبێت هەموو جیهانیش رێزی ئیرادەی عێراقییەکان و ئەو دەستوورە بگرن کە خودی عێراقییەکان پەسەندیان کردووە.

بەڵام بێگومان گوشاری سوپای تورکیا لەسەر حکومەت، گوشارێکی ئاسایی نییە، ئێمە لەو گوشارە تێدەگەین کە دەبێت لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش بەو روانگەیەوە هەرێمی کوردستان وەك حکومەتێکی دیموکراسی تاچەندی پێی بکرێت دەخوازێت حکومەتێکی مەدەنی لە ئەنقەرە باڵا دەست بێت نەك حکومەتێك لەرێگەی کودەتای سەربازییەوە دەسەڵات بگرێتە دەست.

بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم پرسە، بەرێز مەحەمەد عەلی بیراند رۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیاو رەزا جەواد تەفی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق و پەرلەمانتار لەسەر لیستی ئیئتلاف بەشداریان کردووە کە ئەمە دەقی گوتەکانیانە.





**محەمەد عەلی بیراند، یەکێکە لەو رۆژنامەنووسە بەناوبانگانەی تورکیا کە لە نزیکەوە ئاگاداری سیاسەتی حکومەتی ئەنقەرەیە، ئەمەش نەك هەر ئێستا یان لە سەردەمی حکومڕانی پارتی داد و گەشەپێداندا، بەڵکو لە زەمانی تورکوت ئۆزالەوە ئاگاداری رەوشی سیاسی تورکیا و بۆچوون و نووسینەکانەو کاریگەری لەسەر رای گشتی تورکیا و سیاسەتی ئەنقەرە هەیە بیراند لە وتارێکدا کە رۆژی ٢٠٠٨/٧/٩ لە تورکیش دیلی نیوز و میللەت بە هەردوو زمانی تورکی و ئینگلیزی بڵاویکردۆتەوە راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە بەڕێز ئەردۆگان لەژێر چ کاریگەرییەکی سوپادایە سەبارەت بەو سیاسەتەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات.**

**سەبارەت بە سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ بەغدا و ناوەڕۆکی لێدوانەکانی بەڕێز محەمەد عەلی بیراند بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## محەمەد عەلی بیراند رۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا بۆ گوڵان:

# بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە دەرەوەی وڵات بوو، بۆیە دیدارەکەی لەگەڵ ئەردۆگان ئەنجامنەدرا

### سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە لێدوانێکدا بۆ یەکەمجار سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سوپاسی بەڕێز مسعود بارزانی کرد

*** سەردانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ عێراق سەردانێکی گرنگ و مێژووییە، لەبەر ئەوەی یەکەم سەردانی سەرۆك وەزیرانێکی تورکیایە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ عێراق، بەڕێزتان چۆن ئەو سەردانە هەڵدەسەنگێنن؟**

- لە راستیدا ئەوە یەکەم جارە لە ماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی بەغدا بکات، نەك لە ساڵی ٢٠٠٣وە. ئەمەش سەردانێکی زۆر گرنگ و مێژووییە. دوایین سەردان لە لایەن بەڕێز یەڵدریم ئەکپولوت ئەنجام درا کە لە سەردەمی سەرۆك تورگوت ئۆزالدا سەرۆك وەزیران بوو. ئەو کاتە من لە بەغدا بووم و سەرۆك وەزیران ئەکپولوت چاوی بە سەددام حوسێن کەوت و سەددام هەڕەشەی لە سەرۆك وەزیرانی تورکیا کرد لە سەر مەسەلەی ئاو. بەڵام دوای هەژدە ساڵ سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەییب ئەردۆغان سەردانی بەغدا دەکات و گرنگترین لایەنی ئەو سەردانەش ئیمزاکردنی رێککەوتنامەی ستراتیجیە لە نێوان تورکیا و عێراقدا، ئەم رێککەوتنامەیەش لە دوو بواردا گرنگی هەیە، یەکەمیان

پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئەو دوولاتە، بوارەکەی تر سیاسییە، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە پارسەنگێك بۆ دەستڕۆیشتوی ئێران لە عێراقدا. خاڵێکی تر هەیە زۆر گرنگە ئەوەیە کە سەرۆك وەزیرانی تورکیا لێدوانیکی دا و سوپاسی حکومەتی هەریمی کوردستانی لە باکووری عێراق کرد، سوپاسی بەڕێز مەسعود بارزانی کرد، ئەمە یەکەمجارە سەرۆك وەزیرانی تورکیا دان بە هەوڵەکانی حکومەتی باکووری عێراق و بەڕێز مەسعود بارزانیدا دەنێت. ئەمە ئاماژەی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و باکووری عێراقە.

## بەپێی ئەم ڕێککەوتنە سالانە سێ تا چوار کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێن کە بەرپرسە کوردەکانی هەرێمی کوردستانیش بەشدار دەبن

***باس لەوە دەکرێت ئەم سەردانە بۆتە هۆی دروست بوونی لیژنەیەکی باڵا بۆ هاوکاری ستراتیجی لە نێوان هەردوولادا، ئایا ئەرکەکانی ئەو لیژنەیە چین؟**

- ئەوە چڕ و پڕترین ڕێککەوتنامەی نێوان تورکیا و عێراقە و بەو پێیە سالانە سێ تا چوار کۆبوونەوە لە سەر ئاستی سەرۆك وەزیران و سێ تا چوار کۆبوونەوە لە سەر ئاستی وەزیرەکان ئەنجام دەدرێن کە بەرپرسە کوردەکانی باکووری عێراقیش لە خۆدەگرن.

## بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە نەمسا بوو بۆیە دیدارەکەی لەگەڵ ئەردۆگان نەکرا

***هەروەك چاوەڕوان دەکرا سەرۆك وەزیرانی تورکیا، بە تایبەتی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبێتەوە، بەڵام دواتر ئەوە نەکرا، بە پێی تێڕوانینی ئێوە بۆچی گۆڕان لە خشتەی چاوپێکەوتنەکانی بەڕێز ئەردۆغاندا روویدا؟**

- لە راستیدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئامادەبوو چاوی بە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی باکووری عێراق بکەوێت، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، لە ئێوارەخوانێکدا کە لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە لە سەر شەرەفی بەڕێز ئەردۆغان سازکرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێز نێچیرڤان لە نەمسا بوو و نەیتوانی لەو کاتەدا بگەڕێتەوە، ئەو چاوپێکەوتنە روویندا.

*** پێت وایە ئەم سەردانەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ بەغدا دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر؟**

- بە دڵنیاییەوە، لەبەر ئەوەی هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد بۆ یەکەمجار سەرۆکی وەزیرانی تورکیا سوپاسی حکومەتی باکووری عێراقی کرد، هەروەها چەند ئاماژەیەکی خستەڕوو کە پەیوەندییەکان لە داهاتوودا زیاتر بەرەوپێش دەچن.

## پارتی دادو گەشەپێدان قەدەغە دەکرێت و ئەردۆگان پارتێکی دیکە پێکدەهێنێت

***پێت وایە بڕیاری قەدەغەکردنی پارتی داد و گەشەپێدان لە لایەن دادگاوە دەردەکرێت، ئایا لە حاڵەتی قەدەغەکردنی ئەو پارتەدا، ئایا هیچ بەدیلێکی تر هەیە؟**

- بە پێی پێشبینیەکان پارتی داد و گەشەپێدان قەدەغە دەکرێت و رەجەب تەیب ئەردۆغان پارتێکی نوێ پێکدەهێنێت.

## بارودۆخەکە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرەوپێشتر دەچێت

***سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵویست و سیاسەتی خۆیان گۆڕیوە لە ئاست تورکیادا، ئایا دەبێت چ هەنگاوێکی دیکە بنێن بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر؟**

- ئەگەر سەرکردە کوردەکان، بە تایبەتی مەسعود بارزانی پەیامێکی باش بۆ تورکیا بنێرێت، لەبەر ئەوەی بە رۆژنامەکانی ئیتاڵیای راگەیاندووە کە پەکەکە رێکخراوێکی تیرۆریستی نییە، من پێم وایە تاوەکو ئەم هەڵوێستە بەردەوام بێت ئەوا کێشە و گیروگرفت لە گەڵ تورکیادا هەر دەمێنێت. بەڵام پێم وایە لە گەڵ گۆڕانی هەڵویستی تورکیادا کوردیش هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە بارودۆخەکە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرەوپێشتر دەچێت.



●●●

**ئەوە یەکەم جارە لە ماوەی هەژدە ساڵی رابردوودا سەرۆک وەزیرانی تورکیا سەردانی بەغدا بکات، دوایین سەردان لە لایەن بەڕێز یەڵدریم ئەکپولوت ئەنجام درا کە لە سەردەمی سەرۆک تورگوت ئۆزالدا سەرۆک وەزیران بوو. ئەو کاتە من لە بەغدا بووم و سەرۆک وەزیران ئەکپولوت چاوی بە سەددام حوسێن کەوت و سەددام هەڕەشەی لە سەرۆک وەزیرانی تورکیا کرد لە سەر مەسەلەی ئاو**

●●●

●●●

**یەکەمجارە سەرۆک وەزیرانی تورکیا دان بە هەوڵەکانی حکومەتی باکووری عێراق و بەڕێز مەسعود بارزانیدا دەنێت. ئەمە ئاماژەی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و باکووری عێراقە.**

●●●

●●●

**بە پێی پێشبینیەکان پارتی داد و گەشەپێدان قەدەغە دەکرێت و رەجەب تەیب ئەردۆغان پارتێکی نوێ پێکدەهێنێت.**

●●●



بەڕێز ڕەزا جەواد تەقی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق و پەرلەمانتار لەسەر لیستی ئیئتیلافی شیعە، یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوتی ڕووداوەکانەو، یەکێکە لەو کەسانەی کە لە ناو سەرکردایەتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقدا( کە گەورەترین پێکهاتەی سیاسییە لە عێراق) ئاگاداری بڕیارە سیاسییەکانە.
بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکامی سەرکردانەکەی ئەردۆگان بۆ بەغدا و ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژەی لە نێوان عێراق و تورکیا گرێدراوە، پەیوەندییمان پێوەکرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**ڕەزا جەواد تەقی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق و پەرلەمانتاری لیستی ئیئتیلاف بۆ گوڵان:**

# دەمانەوێت بە تورکیا بڵێین لە دەستووری عێراقدا هەرێمی کوردستان جێگربووە

**ئەم سەردانەی ئەردۆگان ئاماژەیە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو عیراق دەچنە ئاستێکی باڵاترەوە**

***دوای١٨ ساڵ بۆ یەکەمجار سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی عێراقی کرد، بەڕێزتان چۆن ئەو سەردانە هەڵدەسەنگێنن؟**

- سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی عێراق لەسەر بنەمایەکی جێگیر بنیات نراوە، کە بریتییە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەوڵەتانی دیکەی جیهاندا. حکومەتی عێراقیش هەوڵ و کۆششێکی گەورەی خستۆتەگەڕ بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە و لەو پێناوەشدا سەردانی وڵاتانی دراوسێی کردووە، هەروەك هەموو لایەك دەزانن، هەروەها سەردان و پەیوەندییکردن و چاوپێکەوتنی گرنگ کراوە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیادا لە لایەن بەرپرسەکانی عێراقەوە. بۆ نموونە سەردانی سەرۆك کۆمار و هەردوو جێگرەکەی و سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ تورکیا، بوونە هۆی ئەوەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی عێراق بکات، واتە ئەم سەردانە بەرهەمی ئەو پەیوەندی و چاوپێکەوتنانەیە. ئەوەش خاڵێکی وەرچەرەخانە لە سەر ئاستی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا. تورکیا دەوڵەتێکی دراوسێ و دەوڵەتێکی گرنگە لە ناوچەکەدا، کە هەموو عێراقییەکان خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی عێراقن لەگەڵ تورکیادا، ئەم سەردانەش ئاماژەیە بەوەی ئەو پەیوەندیانە دەچنە ئاستێکی باڵاترەوە.

## ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان عێراق وتورکیا هەرسێ بواری ئەمنی و ئابوری و سیاسیی دەگرێتەوە

***باس لەوە دەکرێت ئەم سەردانە بۆتە هۆی دروست بوونی لیژنەییەکی باڵا بۆ هاوکاری ستراتیژی لە نێوان هەردوولادا، ئایا ئەرکەکانی ئەو لیژنەیە چین؟**

- لە راستییدا سێ ئەرکی هەیە کە پەیوەندیان هەیە بە پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی عێراق و تورکیاوە، یەکەمیان ئەرکی ئەمنییە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت هاوکاری حکومەتی عێراق بکرێت بۆ بەرەنگاربونەوە و لەناوبردنی تیرۆریستان لە عێراقدا، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی هەردوو وڵاتەدا و ڕێگەگرتن لە هەر هەوڵێك کە سەقامگیری ئەو دوو وڵاتە دەخاتە مەترسیەوە. هەروەك دەزانن کێشەی پەکەکەش یەکێکە لە کێشە گرنگەکان لە مەلەفی ئەمنی ئەو دوو وڵاتەدا. هەروەها ووردەکاری تر هەیە لەبواری ئەمنیدا وەك دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق کە تورکیا لەو بوارەدا شارەزایی و ئەزموونی هەیە. لەگەڵ مەشقپێکردن و باشترکردنی ئەدای هێزە ئەمنییەکانی عێراق و تەنانەت پڕچەککردنیان. ئەرکی دووەم پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانە، بۆ نموونە هاوکارییەکی زۆر هەیە لە بواری ئابووری لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، هەروەها چەندین پرۆژەی سەرمایەگوزرایی گەورە هەیە لە لایەن کۆمپانیاکانی تورکیاوە لە عێراقدا، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا. کە خوازیارین زیاتر پەرەی پێبدەین. ئەرکی سێیەم لە بواری سیاسییدایە، کە هاوکاری نێوان تورکیا و عێراق لە خۆدەگرێت بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا و پشتگیرکردنی عێراق لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتنامەی عێراق لەگەڵ ئەمەریکادا. پێکهێنانی ئەو لیژنەیەش یەکێکە لە میکانیزمەکانی هێنانەدی ئەو ئامانجانە لە سێ بوارەدا.

## پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر

***زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە تا ئێستا پارتی داد و گەشەپێدان لە ژێر فشاردایە مەترسی قەدەکردنی کاری سیاسییی لەسەرە، هەر لەبەر ئەوەشە کە سەردانی هەولێری نەکردووە، پێت وایە ئەم سەردانەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ بەغدا دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر؟**

- ئێمە زۆرجار لە سەرکردە دیار و بەرچاوەکانی کوردەوە لە پەرلەمانی عێراقیدا گوێمان لێدەبێت کە سیاسەتی دەرەوەی عێراق بە تایبەتی لە مەسەلە ستراتیژییەکاندا لە دەستی حکومەتی عێراقیدایە. لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی سیادیە و حکومەتی هەرێمی بەو ئاراستەیەدا هەنگاو دەنێت کە حکومەتی عێراقی دیاری کردووە. کوردەکانیش پشتگیری لەو مەسەلەیە دەکەن و من پێم وایە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر. پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لە دەسەڵاتی حکومەتی ئیتیحادیە و من دڵنیام پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی حکومەتی و بەغدا و حکومەتی ئەنقەرە بە قازانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە و دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان. کەواتە مەسەلەکان بە هەماهەنگی دەکرێن. خواستی دروست و راستەقینە هەبوون بۆ ئەوەی بەڕێز ئەردۆغان سەردانی کەرکوك بکات، یان سەردانی نەجەف و کەربەلا بکات کە پەیامێکی گرنگ دەبوو بۆ تائیفەی شیعەکان، ئەگەر ئەنجام بدرایە شتێکی باش و ئیجابی دەبوون کە نەکران، ئومێد دەکەین لە ئایندەدا ڕووبدەن.

## دەمانەوێت بە تورکیا بڵێین: دەستوری عیراق مافی بەکورد داوە هەرێمی فیدرالی تایبەت دابمەزرێنن

***چۆن ئایندەی عێراق دەبینیت بە شێوەیەکی گشتی و لە پەیوەندیدا بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا و پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە؟**

- عێراق بەرەو بەهێزکردنی دامەزراوەکان هەنگاو دەنێت، بەرەو پتەوکردنی ئابووری وڵاتەکە و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، کە من پێم وایە لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو دەبین، ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانە لەگەڵ دەوڵەتانی جیهاندا و بە تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا، لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بارودۆخی ناوخۆی وڵاتەکە. ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە عێراق ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ وڵاتانی دراوسێ، هەروەك ئەوەی لە سەردەمی سەددام حوسێندا بەو شێوەیە بوو. ئەو وڵاتەی گرنگییەکی ستراتیژیی هەیە بۆ عێراق بریتییە لە دەوڵەتی تورکیا، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی چەند مەلەفێك هەیە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا لەبەر تایبەتمەندێتی ئەو هەرێمە، هەر بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکەین بۆ ئەوەی زەمینەی باشترکرن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیادا خۆش بکەین. هەروەها ئەو جیاوازایانە چارەسەر بکەین کە لە نێوان گۆشەنیگا و تێڕوانینەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیادا هەیە، لە ڕێی دووپاتکردنەوەی هەڵوێستی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە ئێمە تەنها دەمانەوێت لە عێراقێکی ئاشتی و دیموکراسیدا بژین و نامانەوێت ببینە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر هیچ لایەك. دەبێت ئەوەیان بۆ روون بکەینەوە کە دانیشتوانی عێراق و کوردستان خوازیاری ئازار گەیاندن نین بە هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ، لە لایەکی ترەوە دەستووری عێراق مافی بە کوردەکان داوە کە هەرێمی تایبەت بە خۆیان لە چوارچێوەی عێراقدا پێك بهێنن و ئەمەش مافێکی رەوا و سروشتی کوردەکانە و یاساکانی عێراق بۆی جێگیرکردوون. هەروەها لە دەستووری عێراقیدا هاتووە کە نابێت عێراق هەوڵی هاندانی هیچ لایەنێك بدان لە دژی دەوڵەتانی دراوسێ. ئێمە دەمانەوێت ئەو پەیامە بگەیەنین کە دابینکردنی مافە رەواکان بۆ کوردەکانی عێراق نابێت هیچ لایەك نیگەران بکات، بەڵکو ئەمە هۆکارێکە بۆ زیاتر سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە لە ناوچەکەدا، ئەوەش پێویستی بە گفتوگۆی قووڵ و چڕوپڕ هەیە، کە ئەم سەردانەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا یەکێکە لە دەرفەتەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو گفتوگۆیانە.

●●●

**سەردانی سەرۆک کۆمار و هەردوو جێگرەکەی و سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ تورکیا، بوونە هۆی ئەوەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا سەردانی عێراق بکات**

●●●

●●●

**سیاسەتی دەرەوەی عێراق بە تایبەتی لە مەسەلە ستراتیژییەکاندا لە دەستی حکومەتی عێراقیدایە. لەبەرئەوەی مەسەلەیەکی سیادیە پێم وایە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر**

●●●

# ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان عێراق و ئەمەریکا

# لە نێوان گوشاری سیستانی و جیاوازی کۆماری و دیموکراتەکاندا

**ئەم ڕێککەوتنە هەر چۆنێک ئیمزابکرێت، پێویستە حسابی هەرێمی کوردستانی تێدابکرێت لەبەر ئەوەی مەترسی ئەوە هەیە کە ئەم ڕێککەوتنە ببێتە هۆی دروست بوونەوەی دیکتاتۆرێکی دیکە**

دوای ئەوەی بەرێز موەفەق ئەلروبەیعی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق لەلای بەرێز ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە نەجەفەوە گەرایەوە بۆ بەغدا رایگەیاند، حکومەتی عێراق هیچ رێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی ئەمەریکا ئیمزاناکات ئەگەر خشتەیەکی زەمەنی بۆ دیاری نەکرێت، دوای ئەویش بە فەرمی بەرێز د. مالکی پێشنیاری حکومەتی عێراقی خستە بەردەم بەرپرسانی ئەمەریکا و داوای کرد دەبێت خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دابنرێت.

ئیدارەی ئەمەریکش وێڕای ئەوەی ئەو پێشنیارەی حکومەتی عێراقی رەتکردەوە بەڵام پێدەچێت ئەویش بکەوێتە ژێر گوشاری رای گشتی و گوشاری پارتی دیموکراتییەوە کە ئێستا راشکاوانە پالێوراوی سەرۆکایەتیان باراك ئۆباما بانگێشەی بۆ دەکات.

کەواتە مەترسی ئەم رێککەوتنەی نێوان حکومەتی ئەمەریکا و عێراق لە هەردوولایەوەیە لە عێراق، حکومەتی عێراق لە ژێر گوشاری مەرجەعی ئاییندایە و لە ئەمەریکاش ئیدارەی سەرۆك بوش لە ژێر گوشاری رای گشتی و دیموکراتییەکانیدایە.

گەلێك لە چاودێران پێیان وایە گوشاری رای گشتی ئەمەریکا لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردابێت یان لانی کەم ئەمەریکا بۆ ماوەیەك لە بەرچاوی نەگرێت، بەڵام گوشاری دەسەڵاتی ئایینی لەسەر حکومەتی عێراق گوشارێکە ئەگەر خودی ئایەتوڵڵا سیستانی نەیگۆڕێت ، زەحمەتە حکومەتی عێراق بتوانێت سەرپێچی لێبکات، ئەم کاریگەرییەی دەسەڵاتی ئایینی بەسەر حکومەتی عێراقەوە، مەترسییەکی گەورەی لێدەخوێنرێتەوە، بێگومان مەترسیەکەش دوولایەنە:

یەکەمیان/ بۆ ئایندەی دیموکراسی لە عێراقدا، کە بەردەوام باڵادەستی دەسەڵاتی ئایینی ئەو توانایەی دەبێت کە ئاراستەی سیاسەت لە عێراقدا بگۆڕێت.

دووەمیشیان/ بۆ ئایندەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەم خاڵە زۆر گرنگە بەتایبەتی ئەمەریکا دەبێت ئەزموونی ئێرانی لەبەرچاو دەبێت و دەبێت هەوڵبدات ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران رووبەرووی بووە جارێکی دیکە لە عێراق دووبارە نەبێتەوە.



## ڕێککەوتنی ستراتیژی و پێگەی هەرێمی کوردستان

ئەم ڕێککەوتنە هەر چۆنێك ئیمزابکرێت، پێویستە حسابی هەرێمی کوردستانی تێدابکرێت لەبەر ئەوەی مەترسی ئەوە هەیە کە ئەم ڕێککەوتنە ببێتە هۆی دروست بوونەوەی دیکتاتۆرێکی دیکە، هەر بۆیە هەتا تەواوی کێشەکانی عێراق چارەسەر نەکرێت، نابێت دەسەڵاتی تەواو بگەڕێنێتەوە بۆ دەستی  حکومەتی عێراق، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مەترسی ئەوە دەکرێت کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا جارێکی دیکە دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکەونەوە بەر مەترسی هەر بۆیە زۆر گرنگە هەتا گەرەنتییەکی تەواو بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و ئایندەی دیموکراسی عێراق مسۆگەر نەکرێت، خشتەی کاتی بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا باسی لێوە نەکرێت.

## ڕێککەوتنی ستراتیژی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق دەسەڵاتی حکومەتی سەنترالی زیندوو دەکاتەوە

لەوانەیە مێژوویەکی زۆر دوورنەبێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دروست بوونی دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسێن لە عێراقدا، بێگومان سەرەتا حکومەتی عێراق خاوەنی ئەو سوپا گەورە ملیۆنییە بوو کە لە ساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکان دروستی کرد، بەڵکو بە ناوی پاراستنی سەروەریی نیشتمانی عێراقەوە و بەناوی ئەوەی  بە دوژمن دەورە دراوە، سوپایەکی بێ شوماری پێکەوەنا، سەرەنجام ئەو سوپایە بووە هۆی کاولکردنی کوردستان لە باکوورەوە و ناوچەی شیعە نشینەکان لە باشوورەوە ئێستای کە گوێبیستی بیانووەکانی حکومەت عێراق دەبین بە بیانووی پاداشتی سەروەی نیشتمانی عێراقەوە داوای خشتەی زەمەنی دەکات بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت، کە ئێستا حکومەتی عێراق خاوەنی سوپایەکی کەم نییە، هێزەکانی عێراق بەپێی ڕاپۆرتی باڵیۆزکرۆکەر و ژەنەراڵ پاتریۆس کە بەنەرمی پێشکەشی کۆنگرێس کراوە دەگاتە نزیکەی ٥٨٠ هەزار سەربازو پۆلیس و ئاسایش و بەردەوامیش لەزیادبووندایە.

ئەم هێزە کە ئێستا بانگێشتەی ئەوەی بۆ دەکرێت توانای پاراستنی ئاسایشی و سەقامگیری عێراقی نییە، لەوانەیە هەنگاوێکی تاکتیکی بنێن بۆ ئەوەی زۆرترین زیان بەهێزەکانی ئەمەریکا بگات و ڕای گشتی ئەمەریکا زیاتر داوای کشانەوەی هێزەکانیان بکەن، بەڵام پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەو هێزەی عێراق هەمان ئەو هەڕەشەیە کە هێزەکانی سەدام حوسێن لەگەلانی عێراقیان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان بەناوێکی دیکەو بەشێوازێکی دیکە.

لەم حاڵەتەدا پێویستە گرنگی و بایەخدان بە پاراستنی هەرێمی کورستان هاوشانی ئەو سەروەرییە بێت کە حکومەتی عێراق باسی دەکات، دەبێت گەرەنتییەك هەبێت بۆ ئەوەی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا مێژووی ڕابردوو جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە.

## چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان و کەرکووک

کێشەی گەورە لەسەر ئایندەی عێراق چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و دواخستنی کێشەی کەرکووکە، چارەسەکردنی ئەم کێشانە، بکەوێتە دوای ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان ئەمەریکاو عێراق، هێندەی بارودۆخەکە لەمەترسی نزیك دەکەنەوە، هێندە چارەسەرکردن نزیك نابێتەوە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئەمەریکا بەدانانی خشتەی زەمەنی ڕازی بێت، ئەوا نەك هەر ئایندەی عێراق بەڵکو شکۆو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەونە ژێر پرسیارەوە.

**ئەگەر ئەمەریکا بەدانانی خشتەی زەمەنی ڕازی بێت، ئەوا نەک هەر ئایندەی عێراق بەڵکو شکۆو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەونە ژێر پرسیارەوە**



## باڵیۆز محەمەد فەتحی عەبدولحەمید دیبلۆماتکار و باڵیۆزی پێشووی میسر لە ریاز و ئەنقەرە بۆ گوڵان:

**باڵیۆز محەمەد فەتحی عەبدولحەمید، ئێستا راوێژکاری وەزارەتی هاریکاری نێودەوڵەتییە لە کۆماری میسر و پێشتریش لە ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٣ باڵیۆزی کۆماری میسر بووە لە ئەنقەرە و لە ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٩ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی میسر بووە بۆ کاروباری ئەورووپا- قاهیرە.**

**لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٥ باڵیۆزی کۆماری میسر بووە لە شانشینی عەرەبستانی سعودی و نوێنەری هەمیشەیی میسر بووە لە کۆنفرانسی ئیسلامی لە ریاز.**

**باڵیۆز فەتحی عەبدولحەمید لە دوو دەوڵەتی گرنگی دراوسێی عێراق کە تورکیا و سعودیە باڵیۆز بووە، هەربۆیە بە گرنگمان زانی سەبارەت بە کاریگەری دراوسێکانی عێراق و رێککەوتنی نێوان عێراق و ئەمەریکا پەیوەندی پێوە بکەین، بە سوپاسەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**



**ئەو سەقامگیری و بەرەوپێشەوەچوونەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بۆ خودی کورد دەگەڕێتەوە و منەتی ئەمەریکای تێدا نییە**

### ئەمەریکا خوازیاری جێگیرکردنی حەسانەی قەزائیە بۆ سەربازەکانی لە عێراقدا

*** ئێستا باس لە رێککەوتنی درێژخایەنی نێوان ئەمەریکا و عێراق دەکرێت ئایا چۆن سەیری ئەم رێککەوتنەدەکەیت؟**

- پێدەچێت ناکۆکی لە نێوان هەردوولایاندا هەبێت، بە شێوەیەك کە زاڵ بوون بەسەر ئەو ناکۆکییەدا کارێکی ئەستەمە، لەبەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیاری بە یاساییکردنی مانەوەیەتی لە عێراقدا، لە لایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق کە زۆر کەس رایان دەگەیاند دۆستی ئەمەریکا و تەنانەت ئەمەریکا دروستی کردووە تێڕوانێنی جیاوازی هەیە و خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە، وەك مەرجێك بۆ گەیشتن بە رێککەوتنە ئەمنییەکە لە گەڵ ئەمەریکادا.

بەڵام لە لایەکی ترەوە تا ئێستا دەقە پێشنیارکراوەکانی ئەو رێککەوتنەمان لە بەردەستدا نیە، بۆ ئەوەی راو بۆچوونی دیاری کراوی خۆمتان پێ بڵێم، بەڵام ئەگەر لە رەفتار و تێڕوانینەکانی لایەنی ئەمەریکی وردبینەوە، ئەوا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەمەریکا خوازیاری جێگیرکردنی حەسانەی قەزائییە بۆ سەربازەکانی لە عێراقدا، واتە سەربازەکانی دووچاری دادگای کردن نەبن لە عێراقدا ئەگەر هاتوو یاساشکێنیان کرد یان یاسایان پێشێڵ کرد، ئەمەش پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و عێراق دەگۆڕێت بۆ پەیوەندی داگیرکاری کە هیچ حکومەتێکی نیشتمانپەرەوەریش داگیرکاری قبوڵ ناکات.

هەربۆیە ئەگەر هەردوولایان سووربن لە سەر تێڕوانینی خۆیان و پێداگیری لێبکەن، گەیشتن بەو رێککەوتنە کارێکی ئەستەم دەبێت. لەبەر ئەوە رەنگە پێویست بە موعجیزەیەك بکات، یان پێویست بە سازشی دوولایەنە بکات، کە من پێم وایە ئەگەر عێراق کەمترین رادەی سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوەیی هەبێت ناتوانێت سازش بکات. لەبەر ئەوەی دەنگ و باسی جێگیرکردنی دەیان هەزار بنکەی سەربازی هەیە بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو، هەروها باس لە حەسانەی قەزائی بۆ سەربازەکان دەکرێت، لە بەرامبەردا عێراق داوای دانانی خشتەی زەمەنی دەکات بۆ کشاندنەوەی هێزەکان و ئەمەریکاش دەیەوێت مەسەلەی کشانەوە گرێبداتەوە بە بەرەوپێشچوونە مەیدانییەکانەوە. واتە ئایا بارودۆخە ئەمنیەکە دەرفەت بە کشانەوەی ئەو هێزانە دەدات، لێرەدا مەسەلەیەکی دیکە دێتەپێشەوە، ئایا کێ بڕیار لەوە دەدات بارودۆخە ئەمنیەکە لەبارە بۆ کشانەوە، ئایا ئەم مەسەلەیە پەیوەست نیە بە حساباتی ئیقلیمی ئەمەریکاوە لە ناوچەکەدا، ئایا پەیوەندی بە دووبارە بڵاوکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی کەنداودا.

### هۆکاری سەرەکی داواکردنی خشتەی زەمەنی لێدوانەکانی سیستانییە

***بەڵام ئەوەی پێداگیری دەکات لەسەر خشتەی زەمەنی بەرێز ئایەتوڵڵا سیستانییە نەك حکومەتی عێراق؟**

- حکومەتی عێراقی لە پێگەیەکی سەختدایە و ناتوانێت سازش بکات، یەکێك لە هۆکارەکانیش لێدوانەکەی سیستانییە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، بەڵام رەنگە ئەمەریکییەکان هەڵبستن بە دووبارە دارِشتنەوەی هەڵوێستەکانیان بۆ ئەوەی لانی کەمی داواکارییەکانی عێراق بهێننەدی. بە تێڕوانینی من ئەوە تاکە رێگەیە هەردولایان بتوانن ناکۆکیەکانیان چارەسەر بکەن.

### تەنها عەلمانییەت دەتوانێت ئەو فرەییەی لە عێراقدا هەیە بەڕێوەی ببات

*** ئاشکرا بوونی دەسەڵاتێکی ئاینی باڵادەست لە عێراقدا مایەی مەترسییە لە سەر ئایندەی دیموکراسی لەم وڵاتەدا، ئایا تا چەند بوونێکی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراق کە هاوپەیمانی ئێران بێت کاریگەری دەبێت لەسەر نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- ئەگەر عێراق ببێتە دەوڵتێکی ئیسلامی و مەلاکان زاڵ بن بە سەریدا و ببێتە هاوپەیمانی ئێران، ئەوا بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار دەخولقێت. پێش سەردەمی ئەمەریکی لە عێراقدا کە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بە هۆی رەفتاری عێراقییەکان خۆیانەوە دروست بوو، هەمیشە بەو شێوەیە لە عێراقیم روانیوە کە نموونەی دەوڵەتێکی عەلمانی بووە، بە چەشنێك بەردەوام بوونی پەیوەست بوو

بە پاراســتنی عەلمانییەت و دوورخستنەوەی ئاین لە سیاسەت. لەبەر ئەوەی ئــەو فرەییەی لە عێراقدا هەیە تەنهــا عەلمانییەت دەتوانێت بەڕێوەی ببات. من هیوادارم عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی ئاینی، ئەگەرنا دەبێتە ســەرچاوەیەکی تری هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە بە گشتی و وولاتانی کەنداو بە تایبەتی.

***تا رادەیەك بارودۆخی ئاســایش لە عێراقدا باشتر بووە، بەڵام نەبۆتە هۆی رێککەوتنی نێوان لایەن و کوتلە سیاســییەکانی عێراق و هێشتا ناکۆکیی لە نێوانیاندایە، ئەگەر پرۆســەی سیاسی لە عێراقدا شکستی هێنا، ئایا دەکرێت لەو حاڵەتەدا کێشــەکانی عێراق لە رێی چەك و هێزی سەربازییەوە چارەسەر بکرێن؟**

- نەخێر، ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان بە باشتربوونی رەوشی ئەمنی کردووە، بەڵام ئەو بەرەوپێشــچوونە رەنگدانەوەی باشی نەبووە لە سەر بەرەوپێشچوونی پرۆســە سیاسیەکە و باشــتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان. هەرەسهێنانی رەوشی ئەمنی لە عێراقدا سەرەتا هەڕەشە بە یەکپارچەی عێراق دەکات و دواتر دەبێتە هەڕەشــە بۆ ســەر ئاسایش و ســەقامگیری وڵاتانی ناوچەکە، من ئومێدەوارم عێراقییەکان لە ئەرکی بنیاتنانی وڵاتێکی ئاســایش و سەقامگیردا سەرکەوتووبن. ئەوەش تەنها خزمەتی بەرژەوەندییەکانی عێراق ناکات، بەڵکو خزمەتی بەرژەوەندییەکانی جیهانی عەرەبیش دەکات کە هەمیشە عێراق رۆڵێکی پێشەنگی هەبووە تێیدا.

***چاودێران و شارەزایان پێیان وایە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق بەتایبەتی تورکیا و ئــەردەن هەوڵی ئاســاییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەدەن، ئایا تا چەند ئەم ئاســاییبوونەوەیە کاریگەریان دەبێت لەسەر گەڕاندنەوەی عێراق بۆ بارودۆخی سروشتی و ئاسایی خۆی؟**

- مــن هیودارام ئــەو کاریگەرییەیان هەبێت، لەبەر ئەوەی پێشــتر لە لایەن بەرپرسەکانی عێراقەوە سەردانی ئەو دوو وڵاتە کراوە، بەڵام ئەو کاریگەرییەی نەبــووە کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن. من ئومێدەوارم ئەم ســەردانانە ببنە هۆی دروســتبوونی دەروازەی ئومێد و رووناکی بۆ عێراقییەکان، لەبەر ئەوەی ئەو دوو دەوڵەتە گرنگییەکی جیۆستراتیجییان بۆ عێراق هەیە و بە پێچەوانەشەوە. ســەردانی مەلیك عەبدوڵا گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی پێشــتر باسی لە کەوانەی شــیعە و هەڕەشەی ئیقلیمی دەکرد، کە رەنگە ئەمە ببێتە هۆی باشــتربوون و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ئوردن و عێراق و ببێتە سەرەتایەك بۆ کرانەوە و بەشــداریەکی راستەقینەی ئوردن لە باشــترکردن و بەرەوپێشبردنی بارودۆخی عێراق.

**سنوورەکانی عێراق بە وڵاتانی دراوسێیەوە سنوورگەلێکی سیاسین و هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعی مێژوویی و سروشتییەوە نییە**

***بەڕێزتــان وەك دیبلۆماتکارێکی عەرەبی و باڵیۆزی پێشــوی میســر لە ئەنقەرە، چۆن رۆڵی دەوڵەتانی دراوســێی عێراق لە ســەر ئایندەی ئەو وڵاتە هەڵدەسنگێنن، بە تایبەتی تورکیا؟**

- من هەمیشــە ئەوەم دووپات کردۆتەوە کە زۆرجاریش سیاســەتمەدارەکانی عێــراق لە گەڵمــدا هاوڕانەبوون، کە ناکرێت رێککەوتن و ســەقامگیری لە عێراقدا بەدی بهێنرێت ئەگەر عێراق لە دەوڵەتە دراوســێکانی داببڕێت، زۆر کەس بانگەشــەی ئەوەی دەکرد عێراق بە پشــت بەســتن بە خۆی دەتوانێت سەقامگیری بچەســپێنێت و کاروبارەکانی بە ســەرکەوتووی هەڵسوڕێنێت، مــن پێم وایە ئەوە نیمچە مەحاڵە، لەبەر هــۆکارە جوگرافی و مێژووییەکان، هەروەها لەبــەر پێکهاتە ئیتنییەکانی وڵاتەکــە و درێژبوونەی ئیقلیمی ئەو پێکهاتەیە. سنوورەکانی عێراق بە وڵاتانی دراوسێوە سنورگەلێکی سیاسین و هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعی مێژوی و سروشتیەوە نییە. لەبەر ئەوە مەسەلە ناوخۆییەکانی عێراق رەنگدانەوەیان دەبێت لەســەر دەوڵەتە دراوســێکانی ئەو وڵاتە. بەڵام وڵاتێکی وەك میسر کە هەمیشە ئەندامی ئەو مەحفەلانە بووە کە پەیوەست بوونە بە کێشەی عێراقەوە، توانیویەتی رۆڵێکی مەوزوعی ببینێت بۆ بە حوکمی ئەوەی سنووری راستەوخۆی نییە لە گەڵ عێراقدا کە ئەو رۆڵەش لە پێناوی سەقامگیری عێراقدا بووە.

**دەبێت سیاسیەتمەدارانی عێراق رۆڵ و سەنگی سعودیە لەبەرچاو بگرن**

*** بەڕێزتان پێگەی دیبلۆماتکاری دیکەتان هەبووە لە وڵاتانی عەرەبیدا، بە تایبەتی لە سعودیە کە دراوســێیەکی گرنگی عێراقە، هەروەها ئەندامێکی هەمیشەیی کۆنگرەی ئیسلامی بوونە، ئایا رۆڵ و کاریگەری وڵاتی سعودیە و کۆنگرەی ئیسلامی چییە لە سەر ئایندەی عێراق؟**

- وڵاتی سعودیە رۆڵگێڕێکی سەرەکیە لە ناوچەکەدا، لەبەر پێگە جوگرافی و جیوسیاسییەکەی، لەبەر ئەوەی شوێنە پیرۆزەکان لەو وڵاتەدان، هەروەها لەبەر کاریگەری و دەستڕۆیشتووی سعودیە لە سەر بازاڕی ووزە، لە لایەکی دیکەوە سعودیە خاوەنی هێزێکی دارایی گەورەیە کە دەتوانێت بۆ دووبارە دارشتنەوەی بارودۆخــی ناوچەکە بەکاری بهێنێت بۆ جێگیرکردنی ســەقامگیری یان بە پێچەوانەوە. لەبەر ئەوە دەبێت سیاســییەکانی عێراق ئەم رۆڵ و ســەنگەی سعودیە لەبەرچاو بگرن. هەروەها زۆرجار گوێبیستی لێدوانەکانی بەرپرسەکانی سعودیە بووینە کە رایانگەیاندووە پێویستە سوونەکانی عێراق رۆڵ و سەنگی خۆیان پێبدرێت و ســعودیە ئامادەیە پشــتگیریان بکات تا ئەو رادەیەی کە پێشــتر هیچ هێزێکی دەرەکی بەو شێوەیە دەستێوەردانی نەکردووە لە عێراقدا. ئەوەی پەیوەندی بە رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییەوە هەبێت، ئەوا کارێکی ئەوتۆی نەکردووە کە شایانی باس کردن بێت، هەرچەند دەتوانێت کارێکی زۆر بکات بۆ هاوکاری کــردن و یارمەتیدانی عێراق. لەبەر ئەوەی ئەم رێکخراوە ئوممەی ئیســلامی لە رووی سیاســی و نێودەوڵەتییەوە کۆدەکاتەوە و دەبێت رۆڵێکی زیاتر ببینێت لە یامەرتیدانی عێراقدا.

**ئەو سەقامگیری و بەرەوپێشچوونەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و جیاوازە لە بەشەکانی تری عێراق بۆ خودی کوردەکان دەگەڕێتەوە**

***تەنیا هەرێمی کوردستان لە عێراقدا هاوڕایە لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، هەروەها ئەمەریکا دەتوانێت ئەزمونی دیموکراسی و سەقامگیری هەرێمی کوردســتان وەك ســەرکەوتنی سیاســەتەکەی لە عێراقدا بۆ رای گشــتی ئەمەریکا بخاتەڕوو، بــەڵام بە داخەوە ئەم ســەرکەوتنە بە هۆی زنجیرە شکســتەکانی ئەمەریکاوە لە بەشــەکانی تری عێراقدا شاردراوەتەوە، بۆچی هەوڵ دەدرێت ئەم ســەرکەوتنەی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردســتاندا بشارێدرێتەوە؟**

-من نامەوێت سەقامگیری ئەمنی و کامڵبوونی سیاسی کوردستان بگەڕێنمەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بەڵکو بۆ خودی کوردەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی رژێمی پێشــودا ئەم هەرێمە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو رژێمەدا و دامەزارووەگەلێکی کارای هەبوو. هەربۆیە ئەو ســەقامگیری و بەرەوپێشــچوونەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە جیاوازە لە بەشەکانی تری عێراق بۆ خودی کوردەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، بۆ کوردە عێراقیەکان و بۆ عێراقیە کــوردەکان نەك بۆ ئەمەریکا. لەبەر ئەوەی هەروەك دەزانین بوونی ئەمەریکا لە کوردستانی عێراقدا بوونێکی بچووك و سنوردارە و من پێم وایە پرسیارەکەی ئێوە لە بنەڕەتدا رەنگدانەوەی واقیعی بارودۆخەکە نییە.

*** تا چ رادەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە هاوکاری کوردەکان بکات بۆ بەدەســتهێنانی ئەو ئەو مافانەی لە لایەن رژێمە دیکتاتۆرییەکانی عێراقەوە لێیان زەوت کراوە؟**

- کوردەکان رۆڵ و پشکیکی بەرچاویان هەیە لە پرۆسە سیاسیەکە لە عێراقدا، ئەوە بەسە یەکێکە لە ســەرکردە دیارەکانیان ئێستا سەرۆك کۆماری عێراقە. رەنگە ئەم قســانە بۆ سەردەمی سەددام حوســێن راست بووبێت، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە زۆر جیاوازە و بە تایبەتی کە ئێســتا لەوەدەچێت تێگەیشتنێکی ئیقلیمی هەبێت کە کــوردەکان خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆیانن و بە تایبەتی کە کوردەکان خۆیانن ئەو ئۆتۆنۆمییەیان بەدەســتهێناوە وەك ئەمری واقیع. بەڵام رەنگدانەوەکانی پرسی کورد لە ناوچەکەدا مەسەلەیەکی جیاوازە.

**ئەگەر عێراق ببێتە دەوڵەتێکی ئیسلامی و مەلاکان زاڵ بن بە سەریدا و ببێتە هاوپەیمانی ئێران، ئەوا بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار دەخولقێت**

**ناکرێت رێککەوتن و سەقامگیری لە عێراقدا بەدی بهێنرێت ئەگەر عێراق لە دەوڵەتە دراوسێکانی داببرێت**

**سعودیە خاوەنی هێزێکی دارایی گەورەیە کە دەتوانێت بۆ دووبارە دارشتنەوەی بارودۆخی ناوچەکە بەکاری بهێنێت بۆ جێگیرکردنی سەقامگیری یان بە پێچەوانەوە. لەبەر ئەوە دەبێت سیاسییەکانی عێراق ئەم رۆڵ و سەنگەی سعودیە لەبەرچاو بگرن**

پرۆفیسۆر لاری ۆرتزل جێگری سەرۆكی هێرتاج فاوەندەیشن و راگری ئەكادیمییای سەربازی بۆ گوڵان:

پرۆ فیسۆر لاری ۆرتزل، كە جێگری سەرۆكی هێرتاج فاوەندەیشنە، كۆلۆتبلی خانەنیشكراوە و راگری كۆلیژی ئەكادیمیای سەربازییە لە ئەمەریكا پرۆ فیسۆر لاری لەوانەیە جیاوازییەكی لەگەڵ تۆژەر و لێكۆڵەرەكانی دیكە لەو خاڵەدا بداتەوە، كە زۆربەی ناوچە تەنگژەكانی جیهانی بە هۆكاری سەربازی بیتوو وەك فەرماندەییەكی سەربازی لەسەر ئەرزی واقیع مامەڵەی لەگەڵ نەخشەدا كردووە، هەر بۆیە كاتێك پرۆ فیسۆر لاری رایەكانی خۆی سەبارەت بە كێشەیەكی دیاریكراو دەخاتەروو، راستە لە دەربڕیندا سادەیە، بەڵام قووڵ و پڕمانان.
سەبارەت بە رێككەوتنی ستراتیژی ئەمەریكا و عێراق و ئایندەی هەرێمی كوردستان پرۆ فیسۆر لاری ۆرتزل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:



# بەبن بەست گەیشتنی رێككەوتنی نێوان ئەمەریكا و عێراق رەنگدانەوەی سیاسەتی حزبیانەی كۆماری و دیموكراتەكانە

**بەبنبەست گەیشتنی رێككەوتنی نێوان ئەمەریكا و عیراق رەنگدنەوەی سیاسەتی حزبیانەی كۆماری و دیموكراتەكانە**

*** هەستدەكەین رێكەوتنی نێوان ئەمەریكا و عیراق خەریكە بەبن بەست دەگات ئایا هۆكاری ئەم بەبن بەست گەیشتنە چییە ؟**

- ئەم بەبنبەست گەیشتنە كێشەیەكی سیاسییە هەم لە عێراق و هەم لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا، بە تایبەتی كە پێدەنێینە قۆناغی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتی و تەشریعیەكانی ئەمەریكاوە، ئەم بە بنەست گەشیتنە بە قازانجی سیاسەتی حزبایەتی دەشكێتەوە لە ئەمەریكادا، هەندێ لە دیموكراتەكان خوازیاری دانانی خشتەیەكی زەمەنین، بەڵام هەندێكی دیكە لە دیموكراتەكان و زۆربەی كۆمارییەكان نایانەوێت خشتەیەكی رەسمی دابنێن. هەر لەبەر ئەوە پێشبینی سەنگەرگرتنی سیاسیی دەكرێت لە هەڵمەتەكانی سیاسییدا لە ئەمەریكادا.
دەكرێت چارەسەرێكی سیاسیی بۆ ئەم حاڵەتە بدۆزرێتەوە، كە بە وورياییەوە ئەو چارەسەرە لە لایەن ئەمەریكا و عێراقییەكانەو دابڕێژێت. هەرچەندە، لەم كاتەدا ئەوە روونە كە گەیشتن بە چارەسەرگەلێك كارێكی زەحمەتە، بە تایبەتی كە مۆڵەتی نەتەوە یەكگرتووەكانی كە شەرعیەتی داوە بە مانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا بەسەر دەچێت.

**بەیەكداچوونی قوڵی ئایین لەگەڵ پارتە سیاسییەكاندا ئەوەندەی دیكەی كاری سیاسیی لە عیراقدا ئاڵۆز كردووە**

*** بەڵام لە عیراقدا دەسەڵات و پارتە سیاسییەكان لەژێر كاریگەری مەرجەعە ئاینییەكاندان، بەتایبەتیش كاریگەری بەرێز عەلی سیستانی، ئایا ئەم باڵادەستیەی ئایین تاچەند ئایندەی عێراق دەخاتە مەترسییەوە ؟**

- سیاسەت لە عێراقدا كەوتۆتە ژێر كاریگەری مەسەلە ئایدیۆلۆجی و نەتەوەییەكانەوە، هەروەها بەیەكداچوونی قوڵی ئاین لەگەڵ پارتە سیاسییەكاندا ئەوەندەی دیكەی كاری سیاسیی لەو وڵاتەدا ئاڵۆز كردووە. ئەوەی پەیوەندی بە تێڕوانینی منەوە هەبێت، ئەوا لە كاتێكدا لە هێزی پارتە ئاینییەكان تێدەگەم لە هەندێ شوێنی جیهاندا، بەڵام وەك هاوڵاتییەكی ئەمەریكا، باوەڕێكی پتەوم هەیە كە باوكانی

●●●
**بەیەكداچوونی قوڵی ئاین لەگەڵ پارتە سیاسییەكاندا ئەوەندەی دیكەی كاری سیاسیی لەو وڵاتەدا ئاڵۆز كردووە**
●●●

●●●
**وەك هاوڵاتییەكی ئەمەریكا، باوەڕێكی پتەوم هەیە كە باوكانی دامەزرێنەری ئەمەریكا كارێكی باشیان كرد كاتێك ئاینییان لە سیاسەت جیاكردەوە لە دەستوورەكەماندا**
●●●

●●●
**ئەگەر دەوڵەتێكی ئیسلامی لە عێراقدا دروست بوو و هاوپەیمانی ئێران بوو، ئەوا بە شێوەیەكی جیددی سیاسەتكردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاڵۆز دەكات**
●●●

دامەزرێنەری ئەمەریكا كارێكی باشیان كرد كاتێك ئاینییان لە سیاسەت جیاكردەوە لە دەستوورەكەماندا. جیاكردنەوەی ئاین لە دەوڵەت رێگەییەكی كاریگەر بووە بۆ رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی ناكۆكی پارتەكان لە وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكادا.

## ئەگەر عێراق بووە دەوڵەتێكی ئیسلامی و هاوپەیمانی ئێران ئەوا بە شێوەیەكی جیددی بەڕێوەبردنی سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاڵۆز دەكات

***نێوان لایەن و كوتلە سیاسییەكانی عێراق و هێشتا ناكۆكیی لە نێوانییاندایە، ئەگەر پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا شكستی هێنا، ئایا دەكرێت لەو حاڵەتەدا كێشەكانی عێراق لە رێی چەك و هێزی سەربازییەوە چارەسەر بكرێن؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا پێویستە بەوە دەكات سەركردایەتییەكی سیاسیی كارا هەبێت بۆ هێنانەدی چارەسەرێك، كە من پێم وانییە ئەوە ئەركێكی ئاسان بێت. هەروەها من ناتوانم پێشبینی دەرئەنجامەكانیشی بكەم. بەڵام ئەگەر دەوڵەتێكی ئیسلامی لە عێراقدا دروست بوو و هاوپەیمانی ئێران بوو، ئەوا بە شێوەیەكی جیددی سیاسەتكردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاڵۆز دەكات.

## هەرێمی كوردستانی عێراق «دەوڵەت»ێكە و كاروبارەكانی خۆی بەڕێوە دەبات و ئابوورییەكی زیندوی هەیە و سەركردەكانی بە شێوەیەكی دیموكراتی هەڵبژێردراون

***ئەگەر باردۆخێكی وا هاتە پێشەوە ئایا تا چ رادەیەك وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا ئامادەیە هاوكاری كوردەكان بكات بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئەو مافانەی لە لایەن رژێمە دیكتاتۆرییەكانی عێراقەوە لێیان زەوت كراوە و ئەو دەسكەوتانەی بەدەستهێناون بیانپارێزێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ناوچە كوردیەكانەوە هەیە، ئەوا تێڕوانینی من ئەوەیە وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا هاوكاری كوردەكانی كردووە لە رابردودا و بەردەوام دەبێت لە پشتگیركردنی بەهێزی كوردەكان. ناوچەی كوردەكان «دەوڵەت»ێكە و كاروبارەكانی خۆی بەڕێوە دەبات و ئابوورییەكی زیندوی هەیە و سەركردەكانی بە شێوەیەكی دیموكراتی هەڵبژێردراون. رەنگە پشتگیری و بەرژەوەندی ئەمەریكا بە هۆی بەرژەوەندیەكانی توركیاوە گۆڕانی بەسەردا بێت، كە توركیا ئەندامی ناتۆیە و هاوپەیمانی ئەمەریكایە. لەبەر ئەوە هەرچەندە پێدەچێت دروست بوونی كوردستانێكی سەربەخۆ لە عێراقدا یەكێك بێت لە ریگاچارەكان، بەڵام بەرژەوەندییەكانی ئێران و توركیا وا دەكەن هاتنەدی ئەو سەربۆخۆییە كارێكی كردەنی نەبێت.



## پرۆفیسۆر سەمەر شەحاتە ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانكۆی جورج تاون بۆ گوڵان:



# ئەگەر حکومەتی عێراق و ئەمەریکا نەگەنە ڕێککەوتن گرفتی گەورە دروست نابێت

**پرۆفیسۆر سەمەر شەحاتە، کە یەکێکە لە ئەکادیمییە دیارەکانی عەرەب لە ئەمەریکا بەردەوام لەسەر شاشەی کەناڵە عەرەبییەکان دەبینرێت و بەردەوامیش بەشداری لەو کۆڕو کۆنفرانسانە دەکات کە لەسەر پرسە گەرمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێدەدرێن.**
**شەحاتە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی جورج تاون و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**
**بۆ قسەکردن لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێککەوتنی عێراق و ئەمەریکا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر شەحاتە کردو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

### ئەمەریکا خوازیارە عێراق لە ناوچەکەدا لە چوارچێوەی فەلەکی خۆیدا بسووڕێتەوە

***چۆن لە ڕێککەوتنی درێژخایەنی نێوان ئەمەریکا و عێراق دەڕوانیت؟**

- عێراق وەك هەر وڵاتێکی تر خوازیارە سەربەخۆ بێت، بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایش لە ئەستۆی خۆی بێت و ئازاد بێت لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ خواست و ئامانجەکانی ئیدارەی ئەمەریکادا کە دەیەوێت پەیوەندییەکی سەربازی لەگەڵ عێراقدا هەبێت و بنکەگەلێکی سەربازی لەو وڵاتەدا جێگیر بکات. ئەمەریکا خوازیارە عێراق لە چوارچێوەی فەلەکی خۆیدا بسووڕێتەوە لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە هەر پەیوەندی و ڕێککەوتنێکی نێوان ئەمەریکا و عێراق مەسەلەگەلێکی هەستیار لە خۆدەگرن.

### ئەگەر حکومەتی عێراق و ئەمەریکا نەتوانن بگەنە ڕێککەوتنێک کێشە و گیروگرفتێکی گەورە ناخوڵقێت

***ئایا هەستیاری بارودۆخەکە لەوەدایە کە عێراق داوای خشتەی زەمەنی دەکات بۆ کشانەوەی هێزەکان و ئەمەریکا رەتیدەکاتەوە؟**

- راستە کۆمەڵێك مەسەلەی هەستیار هەیە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئیدارەی سەرۆك بۆش تەنها شەش مانگی لە دەسەڵاتدا ماوە، ئەگەر پاڵێوراوی دیموکراتەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا رەنگە ئەو مەسەلە هەستیارانە برەوێننەوە، لەبەر ئەوەی بە هەمان شێوەی حکومەتی عێراق سیناتۆر باراك ئۆباما خوازیاری دانانی خشتەیەکی زەمەنییە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، لە لایەکی ترەوە ئەگەر حکومەتی عێراق و ئەمەریکا نەتوانن بگەنە ڕێککەوتنێکی تەواو، ئەوا کێشە و گیروگرفتێکی گەورە ناخوڵقێت لە ئایندەی نزیکدا، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا تەنها شەش مانگی لە سەرۆکایەتیدا ماوە.

### به ئایندەی نزیکی عێراق گەشبین نیم

***تا رادەیەك بارودۆخی ئاسایش لە عێراقدا باشتر بووە، بەڵام نەبۆتە هۆی ڕێککەوتنی نێوان لایەن و کوتلە سیاسییەکانی عێراق و هێشتا ناکۆکی لە نێوانیاندایە، ئەگەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا شکستی هێنا، ئایا دەکرێت لەو حاڵەتەدا کێشەکانی عێراق لە رێی چەك و هێزی سەربازییەوە چارەسەر بکرێن؟**

- نەخێر پەنا بردنە بەر چەك و هێزی سەربازی و توندوتیژی کێشەکانی عێراق چارەسەر ناکات، راستە بارودۆخی ئەمنی تا رادەیەك باشتر بوو، بەڵام هێشتا کێشەی ئەمنی هەیە، هێشتا کوشتن و توندوتیژی روودەدات و چەندین تەوژمی چەکدار هەن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتدا کارناکەن. هێشتا لە چەندین ناوچەی عێراقدا پشێویی هەیە، لە لایەکی دیکەوە من پێم وایە پارتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق خاوەنی جەماوەرێکی فراوان نین لە ناو خەڵکی عێراقدا، ئەوەش کێشە دروست دەکات و من لە بارەی ئایندەی نزیکی عێراقەوە گەشبین نیم.

***بە پێی لێدوانی بەڕێز سیستانی کە مەرجەعی شیعەکانی عێراقە، نابێت حکومەتی عێراق هیچ ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئیدارەی ئەمەریکادا ئەنجام بدات ئەگەر خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەخۆ نەگرتبێت، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە دەسەڵاتی مەرجەعی ئایینی لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی باڵاترە، ئایا ئەمەریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا دەکات، ئایا دەتوانێت چارەسەرێك بدۆزێتەوە کە هەموو لایەنەکان رازی بکات؟**

- ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی ئەمەریکییەکان هاوڕان لەگەڵ دانانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا. کێشەکە ئەوەیە ئیدارەی سەرۆك بۆش و هەندێك لە کۆمارییەکان خوازیاری دانانی ئەو خشتەیە نین، بەڵام من پێم وایە چارەسەرێك بۆ ئەو جیاوازییە لە هەڵوێست و تێڕوانینەکاندا دەدۆزرێتەوە، بۆ نموونە رەنگە بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵام کاتێکی دیاریکراو دەستنیشان

نەکەن بۆ ئەو کشانەوەیە.

***بوونی دەسەڵاتێکی ئایینی باڵادەست لە عێراقدا مایەی مەترسییە لەسەر ئایندەی دیموکراسی لەم وڵاتەدا، دروستکردنی ئاستەنگ و بەربەستیش لە بەردەم پرۆسەی بە دیمورکراتیکردندا بە مانای بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی دێت، ئایا تا چەند بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراق کە هاوپەیمانی ئێران بێت کاریگەری دەبێت لەسەر نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- بە پێی تێڕوانینی من بوونی پارتە ئیسلامییەکان بە هەڕەشە و مەترسی دانانرێت لەسەر دیموکراسی، هەروەها هیچ ناکۆکییەك بەدی ناکەم لە نێوان ئیسلام و دیموکراسی. کێشەکە ئەوەیە ئایا تەوژمە ئیسلامییەکانی عێراق هاوڕان لەسەر جێگیرکردنی دیموکراسی وەك سیستەمێکی سیاسی لە عێراقدا یان نا، ئایا ئامادەن هەڵبژاردنی پاك و نەزیهانە ئەنجام بدەن، ئایا رێکدەکەون لەسەر چەمکی هاووڵاتیبوون بۆ تێکڕای عێراقییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین، ئەتنی، یان تائیفەیان، ئایا دەسەڵاتەکان لێك جیادەکەنەوە، ئەگەر بەم شێوەیە بیربکەنەوە و رەفتار بکەن ئەوا نابنە هەڕەشە و مەترسی لەسەر دیموکراسی. ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، من پێم وانییە سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە دیموکراسی بێت، لەبەر ئەوەی چەندین کۆت و بەند لەسەر بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا هەیە.

***چاودێران و شارەزایان پێیان وایە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق، بە تایبەتی تورکیا و ئوردن، هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەدەن لەگەڵ عێراقدا ئایا تا چەند کاریگەریان دەبێت لەسەر گەڕاندنەوەی عێراق بۆ بارودۆخی سروشتی و ئاسایی خۆی؟**

- بێگومان ئەگەر لە پەیوەندییەکان نزیك ببنەوە، ئەوا کاریگەریان دەبێت لەسەر باشترکردنی بارودۆخەکە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش هەیە لە نێوان عێراق لەگەڵ تورکیا و ئوردندا، هەروەها ئەگەر لە رابردووی نزیك بڕوانین ئەوا هەست بەوە دەکەین پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دیکەدا باشتر بووە، وەك ئیمارات، باشتربوونی پەیوەندییەکانیش کاریگەری دەبێت لەسەر پەرەپێدانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و بەرەوپێشچوونی سیاسی و ئەمنی لە عێراقدا. ئەو کێشانەی هەڕەشە لە عێراق دەکەن، بریتین لە کێشەی ناوخۆی، هەروەها پەیوەندی عێراق بە ئێرانەوە.


***تەنها هەرێمی کوردستان لە عێراقدا هاوڕایە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، هەروەها ئەمەریکا دەتوانێت ئەزموونی دیموکراسی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان وەك سەرکەوتنی سیاسەتەکەی لە عێراقدا بۆ رای گشتی ئەمەریکا بخاتەڕوو، بەڵام بە داخەوە ئەم سەرکەوتنە بەهۆی زنجیرە شکستەکانی ئەمەریکاوە لە بەشەکانی تری عێراقدا شاردراوەتەوە، بۆچی هەوڵ دەدرێت ئەم سەرکەوتنەی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستاندا بشاردرێتەوە؟**

- من پێم وانییە ئەوە سەرکەوتنی تەواو بێت، رەنگە لە سۆنگەی کوردەکانەوە بە سەرکەوتن لە قەڵەم بدرێت، بەڵام ئەگەر لە گۆشەنیگای پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بە بەشەکانی تری عێراقەوە سەیری بکەیت، تێڕوانینەکە جۆرێکی دیکە دەبێت، بۆ نموونە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا گرژییەکی زۆر هەبووە لە نێوان باکووری عێراق و تورکیادا، بە هۆی ئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکە لە ناو باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، لەبەر ئەوە لە گۆشەنیگای دەرەکییەوە، ئەو سەرکەوتنە رێژەیەی لە کوردستانی عێراقدا لە رووی ئابووری و سیاسی و ئەمنییەوە هاتۆتەدی. لە لایەکی ترەوە دەوڵەتە عەرەبییەکانیش تێڕوانینی باشیان نییە بۆ کوردەکان و بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

سەبارەت بە ئەمەریکاش من وای دەبینم زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا و زۆربەی بەرپرسەکانی ئیدارەی ئەمەریکا خوازیار نین ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر بە هەرێمی کوردستان بدەن وەك لەوەی ئێستا هەیەتی، هەرچەند کەسانێك هەن لە ئەمەریکا کە خوازیاری دابەشکردنی عێراقن بۆ سێ بەش، بەڵام ئەو کەسانە کەمینەن. راستە بوونی پەیوەندیگەلێکی باشتر لەگەڵ تورکیا یارمەتیدەر دەبێت، هەروەها پێشتریش ئاماژەم پێکرد لە جیهانی عەرەبیدا گومانێکی زۆر هەیە دەربارەی نییەتەکانی هەرێمی کوردستان. هەندێ جار باس لە بوونی پەیوەندی نێوان کوردستان و ئیسرائیل دەکرێت کە ئەمەش لە جیهانی عەرەب و موسڵماندا قبووڵ ناکرێت.

***ئەی تا چ رادەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە هاوکاری کوردەکان بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی لە لایەن رژێمە دیکتاتۆرییەکانی عێراقەوە لێیان زەوتکراوە؟**

- راستییەك هەیە دەبێت کوردەکان لێی تێبگەن، ئەویش ئەوەیە ئەمەریکا هاوکاری کوردەکانی کردووە، نەك لەبەر خۆشەویستی ئەمەریکا بۆ کوردەکان، یان لەبەر ئەوەی ئەمەریکا باوەڕی بە بنەماکانی کەرامەتی مرۆیی و مافی دیاری بڕیاردانە لە چارەنووس، بەڵکو ئەو کارەیان لەبەر ئەوە کردووە کە کوردەکان دوژمنی سەدام حوسێن بوون، کە لە هەمانکاتدا سەدام حوسێن دوژمنی ئەمەریکاش بوو. بۆ نموونە ئەگەر لە هەڵوێستی ئەمەریکا بڕوانیت لە ئاست کوردەکانی تورکیادا، ئەوا سیاسەتێکی زۆر جیاوازتر بەدی دەکەیت، ئەوە بەدی دەکەیت ئەمەریکا هاوکاری حکومەتەکانی تورکیای کردووە بۆ سەرکوتکردنی کوردەکانی ئەو وڵاتە و خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. لەبەر ئەوە ئەمەریکا بەهۆی یەکگرتنی بەرژەوەندییەکانەوە هاوکاری کوردەکانی کردووە، نەك لەبەر ئەوەی باوەڕی بە مافی کوردەکان هەیە، هەر لەبەر ئەوە بەداخەوە من گەشبین نیم بەوەی ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر پشتگیریکردنی مافە رەواکانی کوردەکان لە عێراق و لە تەواوی ناوچەکەدا.



●●●
**زۆربەی ئەمەریکییەکان هاوڕان لەگەڵ دانانی خشتەیەکی زەمەنی بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا. کێشەکە ئەوەیە ئیدارەی سەرۆک بۆش و هەندێک لە کۆمارییەکان خوازیاری دانانی ئەو خشتەیە نین**
●●●

●●●
**راستییەک هەیە دەبێت کوردەکان لێی تێبگەن، ئەویش ئەوەیە ئەمەریکا هاوکاری کوردەکانی کردووە، نەک لەبەر خۆشەویستی ئەمەریکا بۆ کوردەکان، یان لەبەر ئەوەی ئەمەریکا باوەڕی بە بنەماکانی کەرامەتی مرۆیی و مافی دیاری بڕیاردانە لە چارەنووس، بەڵکو ئەو کارەیان لەبەر ئەوە کردووە کە کوردەکان دوژمنی سەدام حوسێن بوون، کە لە هەمانکاتدا سەدام حوسێن دوژمنی ئەمەریکاش بوو**
●●●

عەدنان شیهۆفیجADNAN SEHOVIC بەرپرسی گروپی ئەندازیارانی تەکنیککارانی بۆسنە بووەو ئێستا لەبواری وزەدا وەکو شارەزایەکی نێودەوڵەتی کاردەکات:

# لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا زەمەنی سەقامگیری سیاسی و ئابووری کورتە و پێویستە بە باشترین شێوە سودی لێوەرگیرێت

■ بەردەوامبوونی کێشە سیاسییەکان و یەکلانەکردنەوەی ئەو دۆسییە گرنگانەی پەیوەندییان بە رێکخستنەوەی عێراقی فیدراڵییەوە هەیە، شوێنەوارو کاریگـەری توندی لەسـەر ئابووری لێکەوتەوە، بەتایبەت لـە کەرتی وەبەرهێنان دا، کە دۆخەکە نامتمانەیی و دڵەراوکێی بەرامبەر بە چارەنووسـی وڵات دروسـتکردووە، بەمجۆرە زۆر جار کێشـەی سیاسی و بەرژەوەندی شەخسـی و ئاڵۆزبوونی گرفتە ئیتەنی و ئایینییەکان هۆکارێکە بۆ تێکچوونی بەرنامەوکاری ئابووری و دیموکراتی لە نێوان نەتەوەکانی وڵاتێك دا، لەم رۆژانەدا یادی جینۆسایت و قەسابخانەکەی بۆسنە کرایەوە، بۆسنە نمونەیەکی ئەمبوارەیە دەکرێت سـودی لێوەربگرین، کوردەکان و بۆسـنەییەکان لەزۆر بواردا نزیکن لە یەکترو، کێشە ئابووری و ئاینی و ئیتەنییەکانی نێوان گەلانی بۆسنەش لە کێشەکانی ناوخۆی گەلانی عێراقەوە نزیکە، کە دوای تێپەڕبوونی چەند دەیەیەك بەسەر شەڕەکان تاکو ئێستا کێشە سیاسی و ئابوورییەکان بەردەوامی هەیە، لە دوای راگرتنی شەڕ بوار بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکەو هەرێمەکان رەخسا، هەردوو هەرێم و هەرسێ نەتەوەی بۆسنەو کرواتی و سربی لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی فیدراڵییەت دا دەژین، سەرەتا بەشێوەیەکی باش بەرێوەدەچوو، بەڵام دوای ماوەیەك گرفت روویدا، پێکەوەژیانی سێ نەتەوەو سڕینەوەی شوێنەوارەکانی جەنك کارێکی ئاسان نەبوو، ئەم ناسەقامگیرییەو یەکلانەکردنەوەی کێشەکان وای لە حکومەتی بۆسنە نەکردووە، پـرۆژەو کارەکانـی دوابخات، بەڵکو بەبەرنامەیەك ریزبەندی بۆ پرۆژەکانی حکومەت داناو، کارەباو ئاو لە پێشـەوەی ئـەو ریزبەندییە هاتووە، عەدنان شیهۆفیج بەرپرسی گروپی ئەندازیارانی تەکنیککارانی بۆسنە و ئێستا لەبواری وزەدا وەکو شارەزایەکی نێودەوڵەتی کاردەکات، شیهۆفیج تیشکی خستە سـەر ئەمبوارەو پێی وابوو:(( دەرهێنانی نەوت و دروسـتکردنی وێسـتگەی بەرهەمهێنانی کارەباو بەدەستهێنانی وزە سەرەتایەکە بەرەو سەقامگیری و سەربەخۆیی ئابووری لە هەرێمەکە، کە بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی زۆر پێویستە، ئالێرەتا دەبێت حکومەت بۆ کارو پرۆژەکانی ریزبەندی بە دوو بواری گرنکی کارەباو ئاو بدات، لێرەدا بە پوختی بیروبۆچونەکانی شیهۆفیج بڵاودەکەینەوە . ■

عەدنان شیهۆفیجADNAN SEHOVIC بەرەگەز بۆسنەیی یە و زانکۆی سەرایڤۆی تەواوکردووە، لە پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ UNDP بۆ ماوەی ١٠ ساڵ کاریکردووە، بەرپرسی گروپی ئەندازیارانی تەکنیککارانی بۆسنە بووەو ئەندامە لە یەکێتی ئەندازیارانی بۆسنا، ئێستا لەبواری وزەدا وەکو شارەزایەکی نێودەوڵەتی کاردەکات، لە ٣٠ ساڵی رابردوودا لە وڵاتانی ئەفریقاو مالیزیا و تایلەندو نێجیریاو لیبیاو عێراق وەکو شارەزایەک کاریکردووە.




لەم رۆژانەدا یادی ئەو قەسابخانەیەی بۆسنە موسڵمانەکان کرایەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو زەمەنە بەسەر شەڕدا کەچی خەڵکەکە متمانە بەیەکتر ناکەن



دابەشبوونی وڵات لە حاڵەتێکدا بە ناچاری بێت و باڵە سیاسییەکانی ئەو فیدرالییەتانە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان بەنا نەبەنە بەر گفتوکۆو لێکترگەیشتن، گرفتی سیاسی و ئابووری و ناسەقامگیری بەدوای خۆیدا بەردەوام دەبێت، ئەم حاڵەتە لە بۆسنەو هەرسەکۆفینیا کە فیدرالییە و لەگەڵ کۆماری سربیسکا روویداو تاکو ئێستاش ناکۆکییە سیاسییەکان کێشەی گەورەی بۆ دروستکردووین، بەواتە تاکو لە چوارچێوەیەکی سیاسی بمێنیتەوەو کێشەکانیش چارەسەر نەکرابێت ئەم بارودۆخەی نائارامی و ناسەقامگیری بەردەوام دەبێت .

گەورەترین ئاکامی ناسەقامگیری و نەگەیشتن بە یەکلانەکردنەوەی کێشەکان لە وەبەرهێنان دەردەکەوێت، بۆ نموونە تاکو ئێستا مەسەلە سیاسییەکانی فیدرالییەت و دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان و سنووری فیدرالییەتەکە لە نێوان کوردستان و عێراق یەکلانەبۆتەوە، ئەمە کاردانەوەی لە سەر بارودۆخی ئابووری بە تایبەت وەبەرهێنان دەبێت، لە وڵاتێکدا تاکو ئێستا شوێنەواری کێشە سیاسییەکان ماوە، ئەم حاڵەتە لە بۆسنەش بە هەمانشێوە بووە، دوای تێپەڕبوونی دەیەیەکیش بە سەر کێشەو شەڕەکانی بەلقان دا تاکو ئێستا لەبەر یەکلانەبوونەوەی کێشەکان هاوڵاتییان لە بۆسنەدا ئامادە نین وەبەرهێنان بکەن و متمانەیان بە بارودۆخەکە نییە و لە ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەترسن، نەبوونی سەقامگیری سیاسی وەبەرهێنان لە گەڵ خۆیدا ناهێنێت، رووداوەکانی شەڕ تەنیا کارگەکانی خابوور نەکرد بەڵکو رێگریشە لە دروستبوونی سەقامگیری سیاسی و دووبارە ئاوەدانکردنەوەو پێشخستن، ئاوەدانکردنەوە پارەی دەوێت، لە وڵاتێکدا خەڵکی ئامادە نەبێت پارە بلۆککراوەکانی بەکاربهێنێت زەحمەتە وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە پێشبکەوێت . لە لایەکی ترەوە سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان روویان لە دیالۆگ و گفتوگۆ کردووە، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسی و دەستوورییەکان، ئەم حاڵەتە لە بۆسنەدا جیاوازە چونکە لە بنەڕەتدا سەرکردە سیاسییەکان شەڕیان خولڤاند، بوونی ئیتەنی و نەتەوەی جیاواز گڵپەی شەڕەکانی فراوانتر کرد، سەرکردە سیاسییەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی شەڕەکەیان خولڤاند، لەم رۆژانەدا یادی ئەو قەسابخانەیەی بۆسنە موسڵمانەکان کرایەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو زەمەنە بەسەر شەڕدا کەچی خەڵکەکە متمانە بەیەکتر ناکەن .


بۆ رووبەرووبونەوەی سەرکردە شەڕخوازەکان و تێپەڕبوون لە زەمەنی دارمان و خابوورکردن، گەیشتن بە قۆناغی ئاوەدانکرنەوەو بازدان بەسەر یادگارییە تاڵەکانی شەڕدا، یارمەتی دەرەکی پێویستە، بۆ نموونە لە بۆسنە لیژنەیەکی دەرەکی پێکهاتووە کە پێی دەڵێن نوێنەرایەتی باڵای ئەوروپا، کە دەسەڵاتێکی باڵای هەیەو دەتوانێت هەرکەسێك بایەو دەسەڵات خراپ بەکاربهێنێت بیگۆڕێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ دا بکات، گەرچی ئەم دەسەڵاتەی بەکارنەهێناوە بەڵام کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی باڵنەرێك بۆ چاکسازی و ترس لە لێپرسینەوە، بۆیە لێپرسراوە باڵادەستەکان هەموو هەوڵێك دەدەن تاوەکو لە بۆست و بایەکانی خۆیان بمێننەوە، پێشهاتی بەرقەراربوونی دیموکراسی لە بۆسنە دەکەم بەڵام بەمنزیکانە دروست نابێت ئەمەش وەکو پێشتر باسم کرد کە بە هۆی شوێنەوارەکانی جەنگەوەیە ..

بوون بەئەندام لە رێکخراوو ناوەندە جیهانییەکان هانی چاکسازی و گۆڕانکاری دەدات، زۆر جاریش دەسەڵات ناچاردەکات گۆڕان لە خۆیدا بوخلقێنێت، بۆسنەییەکان ئەو راستییە دەزانن بۆیە روویان لە یەکێتی ئەوروپا کردووەو لە بەرنامەیاندایە تاکو رێککەوتنێك لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا مۆربکەن، تاوەکو لە پێنج ساڵی رابردوو بۆسنە ببێتە ئەندامێکی ئەو رێکخراوە .

نزیکبوونەوەو لێکترگەیشتن و دانیشتن لەسەر مێزی گفتوکۆ سەرەتای رێگایە بەرەو دیموکراسی و پیادەکردنی لیبرالییەتی ئابووری یە، من پێم وایە لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشچون هەیە، بەڵام بە سستی و خاوێتی، بە تایبەت لەسەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری کەنەك هەر زیانی بە ئابووری هەرێمەکە گەیاند، بەڵکوخزمەتی بە دواکەوتن و لاوازبوونی ئیرادەی میللەت گەیاند، کوردەکان رووبەڕووی شەڕو ماڵوێرانی بوون و لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا پێشنەکەوتوون، لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا ساڵەکانی سەقامگیری سیاسی و ئابووری کورتن و پێویستە بە باشترین شێوە سودی لێوەرگیرێت و سستی لە پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەسەندن نەکرێت.

## کاەباو ئاو
## لە ریزبەندی پێشەوەی پرۆژەکانی حکومەت بێت

گەر بارودۆخەکەی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق لەم دۆخەدا بێت ئەوا ئومێدی باشبوونی ئابووری دەکرێت، دەرهێنانی نەوت و دروستکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەباو بەدەستهێنانی وزە سەرەتایەکە بەرەو سەقامگیری و سەربەخۆیی ئابووری کە بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی زۆر پێویستە، ئالێرەتا دەبێت حکومەت ریزبەندی لە کارو پرۆژەکانی بدات بە دوو بواری گرنك ئەویش کارەباو ئاوە، بەداخەوە پلاندانەرانی ئابووری لە کوردستان وەبەرهێنانێکی زۆر لە رێگاوبان و بەرزکردنەوەی باڵەخانەکان دەکەن، ئەمەش نەزیفێکی ئابووری یە و پێم وانییە پێویست بکات ئەو هەموو پارەو داهاتە لەوبوارەدا بەهەدەربچێت .




●●●
**دوای تێپەڕبوونی دەیەیەکیش بە سەر کێشەو شەڕەکانی بەلقان دا تاکو ئێستا لەبەر یەکلانەبوونەوەی کێشەکان هاوڵاتییان لە بۆسنەدا ئامادە نین وەبەرهێنان بکەن و متمانەیان بە بارودۆخەکە نییە و لە ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەترسن**
●●●

●●●
**گەیشتن بە قۆناغی ئاوەدانکرنەوەو بازدان بەسەر یادگارییە تاڵەکانی شەڕدا، یارمەتی دەرەکی پێویستە**
●●●